# ئاوەڵناوی کوردیی
# لەنێوان تیۆری و تایبەتمەندییەکانیدا

**پ. ی. د. محمد عبدالفتاح حمەسعید (د.محەمەدی مەحویی)/ زانکۆی سلێمانی/**

**سکوڵی زمان/بەشی کوردیی**

لیستی زاراوەکان:

بەکارهێنانی ئاوەڵناویی attributive use: پێچەوانەی بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییەو لە دواوە ڕوودەدات و دەردەکەوێت (/جوان/ لە "دیمەنی جوان" دا)،

بەکارهێنانی نائاوەڵناویی/ئاوەڵکرداریی: (جوان/ لە "جوان_نوسیین" و "ئەو جوان دەنوسێت" دا)،

پەسنکراو: ئەو جومگەیەی، ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵییدا پەسنیدەکات

(/چاو/ لە "چاوی ڕەش" دا)،

پەسنکەر: ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا، کە بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت،

دیاریکراو: (ا) ئەو جومگەیەی، لەڕێی /ە/ و پاشگری ناسیارییەوە دیاریدەکرێت (/کوڕ/ لە "کوڕە کوردکە" دا)، کە بە /کام، چ/ پرسیاریلێدەکرێت،

(ب) ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی، کە ڕەوتی کردار دیاریدەکات (/جوان/ لە "ئەسپەکە جوان چوارناڵەدەکات" دا) و بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت.

دیاریکەر: جومگەیەک، کە بە پارتیکڵی /ە/ و پاشگری ناسیاریی، جومگەیەک دیاریدەکات ("کوردەکە" لە "کوڕ_ە_کوردەکە" دا)، کە بە /کام، چ/ پرسیاریلێدەکرێت،

دیاریخەر: پاشگرەکانی /_ەکە، ەکان، ێک/ ی ناسیاریی و نەناسیاریی،

دەرخراو: سەگمێنتێک (ا) لە فرێزێکی ناویی خستنەپاڵدا (/دەست/ لە "دەستی من" دا)، /مانگ/ لە "مانگی ئاب/پێشوو" و (ب) یان لە خراوەتەکیەکدا /چاو/ لە /چاوڕەش/ دا)، کە بە /چ/ پرسیاریانلێدەکرێت،

دەرخەر: ناو لەبەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا لە فرێزی خاوەنداریی و بۆگەڕاوەدا (/من/ لە "دەستی مند" دا) و ئاوەڵناو لە خراوەتەکیەکدا/وشەدا (/ڕەش/ لە /چاوڕەش/ دا).

دیاریکراو/ناسراو: بە فرێزی ئاماژەیی نیشاندراو یان بە پاشگری ناسیاری دیاریکراو،

فرێزی ئاماژەیی: فرێز بە جێناوێکی ئاماژەوە (ئەم/ئەو_ پیاو_ە/وانە)

فرێزی/گرێی دیاریخەریی: D``

فرێزی خراوەپاڵیەک genitive phrase: فرێز بە /ی/ خستنەپاڵەوە (کوڕ_ی_ئازا، دەست_ی_من)،

فرێزی خراوەتەکەیک juxtacompose: فرێز بەبێ /ی/ ی خستنەپاڵ (کوڕ_ە_کورد، دوو هەفتە)،

پێکهاتوو constructions: خراوەپاڵیەک و خراوەتەکیەکەکان.

**پێشەکیی**

پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکانی گەنجی وشەکانی زمانی کوردیی تاوەکو ئەمڕۆ تەواوو پراوپڕ جیانەکراونەتەوەو پۆلێننەکراون. ئاوەڵناوو ئاوەڵکردارەکان دوو نمونەی سەرکیین، کە ئەو بارو حاڵەتە دەخەنەڕوو. لەبەر ئەو هۆیە ئەم بابەتە هەڵبژێردراوەو لێکۆڵینەوەیەکی محمد معروف فتاح (١٩٩٠، ٢٠١٠) ی بۆ کراوەتە بناغە.

**مەبەست و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم هەوڵە زانستیەدا هەوڵ بۆئەوە دەدرێت، ئەم خاڵانەی خوارەوە بسەلمێنرێن و بچەسپێنرێن: ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا پۆلەڕەگەزێکی/کاتەگۆرییەکی/بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت[١]. ڕەگی کردار زۆرتر لە ئاوەڵناوەوە نزدییکە، بۆیە دەشێت هەندێك ناویش ئاوەڵناویی بن (بەشی یەکەم).

زمانی کوردیی زمانێکی ئاوەڵناوییە. گەنجی ئاوەڵناوەکانی لە ئاوەڵناوە بنەڕەتیەکان و ئەو ئاوەڵناوانە پێکهاتووە، کە بە پرۆسەکانی وشەدروستکردن و وەرگرتن لە زمانەکانی ترەوە هاتوونەتەبەرهەم و بوونەتە وشەی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ (بەشی دووهەم). ئەو ئاوەڵناوانە گشت بوارە واتایی و بیرییەکان دەردەبڕن (بەشی سێهەم). مۆدێلی ڕێزمان و تایبەتمەندییکانی زمانەکە ڕێگە بەوەیش دەدەن، ناوچەی واتایی بە وشەی فرێزیی، فرێزو ڕستەیش بێنەدەربڕیین (بەشی سێهەم). ڕێژەی گۆکردنی ئاوەڵناو (بەجێهێنانی ئەرکی ئاوەڵناو) لە ئاست ئەوەی "ناو" دایە. واتا، ئەگەر لە ژمارەیشدا لە "ناو" کەمتربێت، ئەوا گۆکردنی لە پێڕەوی زمانەکەدا ئاشکراو ڕوونە[٢]. کە ئاوەڵناو ئەو ئەرکە گەورەیە جێبەجێبکات، دەبێت، لەتەك ناوو کرداردا، وەك وشەو فرێز پۆلەڕەگەزێکی سەرەکیی زمانەکە بێت (بەشی یەکەم). کوردیی، وەك زمانێکی داڕێژەریی بەسنەکەرانە (وەسفکەر) بە کرداری ئاڵۆزەوە (مۆرفۆسینتاکس)[٣]، زمانێکی ئاوەڵناویی و کردارییە، نەك زمانێکی ناوەندیی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەمبەر بەوەی محمد معروف فتاح، پشت بە دوو لایەنی گرنگ دەبەستێت: کرمانجیی ناوەڕاست —شێوەزاری سلێمانیی— داڕێژەر synthetic، لکاو، تێکئاخنراوو پەسنکەرانەیە. داڕێژەریی، پەیوەست بەم توێژینەوەیەو بە هەر توێژینەوەیەکی ترەوە لەسەر ئەم زمانە، لە گرنگترین تایبەمەندیەکانیەتی. کەواتە، ئەوەی لە زمانێکی شییکەرەوەییدا analytic بە وشەیەك (ی یەك_مۆرفێمیی) دێتەدەربڕیین، لە زمانی کوردییدا بە وشەی بەرهەمهێنراو لەڕێی یاسای مۆرفۆلۆژییەوە یان بە (ئاوەڵ_)فرێز paraphrase دێتە بەرجەستەکردن. هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای مۆرفێم کاردەکات[٤]، بەڵام وەکیەك مامەڵە لەگەڵ لێکسێم و بەلێکسێمبوودا دەکات. هۆی ئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشە مۆرفۆلۆژییە بە لێکسێمبووەکان، وەك وشە یەك_مۆرفێمیە بنەڕەتیەکان، سەر بە لێماکانی ناو فەرهەنگن و تایبەتمەندیی و ئەدگارەکانی ئەوانیان هەیە. ئەوەتا دروستەی ناوەوەیان بۆ سینتاکس نادیارە opaque. هەموو ئەو ئاوەڵناوانە، بە جیاوازیی لە دروستەی ناوەوەیشیاندا، وەکیەك لە ڕێگەی "یاساکانی هێنانەناوەوەی فەرهەنگییەوە" lexical insertion rules دەهێنرێنە ناو جێکەوتەکانی ڕستەوە، بۆئەوەی گۆکردنی خۆیان هەبێت و ڕستە وەك گەورەترین یەکەی ڕێزمان بەرهەمبهێنن ("بەشی دووهەم" !).

---

[١] لە سەرچاوە کوردییەکاندا زاراوەی "بەشەئاخاوتن" لەبری "کاتەگۆریی" بەکارهێنراوە، بەڵام لەبەرئەوەی زاراوە کوردییەکەدەستەواژە، فرێزو ڕستەیش دەگرێتەوە، لێرەدا زاراوەی "پۆلەڕەگەز" بۆ ئەو مەبەستە سودیلێبینراوە، کە گروپێك لەیەك ڕەگەز دەبەخشێت (پۆلەپیشۆڵە/کۆتر/چۆلەکە، ...).

[٢] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩_ا ) !

[٣] بڕوانە محەمەدی مەحویی و محەمەد کەساس (٢٠١١) !

[٤] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٦٦_٨٢).

دیاره، كه داڕێژەریی ئەدگاری پەسنكەرانه به زمانەكه دەبەخشێت: به گەنجی وشەكان یان به زمانەكه دنیای دەرەوەی زمان و خودی زمانیش پەسندەكرێت، لەبری ئەوەی به شیكردنەوه ئەو دنیاو زمانه بخرێته بەردەست ئاخێوەرانی[٥]. لێرەوه لێكۆڵەر بانگەشەی ئەوه دەكات، كه كوردیی زمانێكی ئاوەڵناو_ویسته.

پەیوەست به تایبەتمەندیی و ئەدگارەكانی هەر زمانێكەوه، مەرج و ڕێساكانی (پرنسیپەكانی) تیۆریەكانی قوتابخانەی گواستنەوەو بەرهەمهێنان، بۆ نمونه، وەكیەك دەخۆن، بەڵام هەندێك زمان ڕێگەی ڕەواو دروست بۆ خۆلادان لەبرینداركردنیان بەكاردەهێنێت. گواستنەوه، وەك جوڵاندنی خورتیی، بۆ زمانی كوردیش دەخوات، بەڵام بۆ ئەوەی یاساكه بریندار نەبێت، یاساكه به نادیاریی جێبەجێدەبێت و له جێكەوتەی فرێزه گوێزراوەكاندا جێناوێك به فۆنەیتیكیی بەرجەستەدەبێت[٦]. تێكەڵبوونی پێكهاتەكان (مۆرفۆلۆژیی و سینتاكس) ی مۆدێلی ڕێزمانی كوردیی ئەوەی ڕەخساندووه بۆ تیۆریەكان، هەندێك وشەو دەربڕاوی سینتاكسیش وەك پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی ئەژماربكرێن، چونكه ڕێزمانەكه له گۆكردنەكانیاندا (بەجێهێنانی ئەركەكانیاندا) وەك ئەمه حسابیان بۆدەكات. لەم ڕاستییەوه ئاشكرادەبێت، كه دەبێت پێوەرو گریمانەكارەكانی محمد معروف فتاح هەڵسەنگاندن و نرخاندنی تەواو دروستیان لەسەر "ئاوەڵناوی كوردیی" بەدەستەوه نەدابێت.

ئەو خاڵەی پێشتر دەریدەخات، كه دروستەی پێكهاتووەكان construction structures (خراوەتەكیەك juxtacomposition و خراوەپاڵیەكەنان genetive combinations و ڕسته) و جێكەوتەكانیان لەگەڵ جۆری گۆكردنی توخمەكان تیایانداو ڕێژەی گۆكردنەكانیان بۆ ئەو چەشنه هەڵسەنگاندن و نرخاندنانه گرنگ و بڕیاردەرن، نەك ژمارەی ئاوەڵناوەكان له زمانەكەدا. پەیوەست بەم ئارگومێنتانەوه، پێویسته جەخت لەسەر جێكەوتەی كاتەگۆریەكان و بەتایبەتی ئەوەی سەرەكان له دروستەكاندا بكرێتەوه، هەم بۆ خۆیان و تەواوكەرەكانیان و هەم بۆ واتای پێكهاتوەكانیان (بڕوانه وشەی پرسارەكان: سەرووی كوردستان (كوێی كوردستان) : كوردستانی سەروو *(كوردستانی كوێ)، بەیانی زوو (كەی) : زوو دەگەین (كەی دەگەن) : زووته (چییته)!). لەناو بەش و پارەكاندا، خوێنەر به هەندێك ئارگومێنتی تر ئاشنادەبێت، كه پشتگیریی له بۆچوونەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیه دەكەن.

ڕێگەو ڕێباز: زمانەوانەكان وشه یان ڕوونتر بگوترێت لێكسێم له فۆرمەكانی جیادەكەنەوەو واتای وشەیش لەڕێی بەكارهێنانەكانیانەوه ڕووندەكەنەوه. مەبەست لێرەدا بەكارهێنانی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاكسیانەیە، كه بۆ دیارییكردنی پۆلەڕەگەزەكان و پۆلێنكردنیان سوودیانلێببینراوه [٧]. لێكۆڵەر لەم كاره زانستیەدا ئەو ڕێگەو ڕێبازانه بۆ گەیشتن به ئامانجەكانی دەگرێتەبەر. لەگەڵ ئەوانەیشداو لەسەرووئەوانەیشەوه، دروستەكان و جێكەوتەكانیان، كه توخمەكان تیایاندا پێڕەوبەندانه ڕوودەدەن و دەردەكەون، دەكرێنه بنەمایەك بۆ ئەو مەبەستانەو بەكارهێنانی وشەو ڕستەی پرسیاریش بۆ تاقیكردنەوەی دوای تاقیكردنەوه (بۆ سەلمێنراوەكان) دەهێنرێنەوه[٨].

بەم جۆرەو له ئەنجامدا لێكۆڵینەوەكه ئەو هەلومەرجه دەرخسێنێت، هەر وشەیەك (بنەڕەتیی یەك_مۆرفێمیی یان پێكهاتوو) بچێته خانەی پۆلەڕەگەزەكەی خۆیەوەو گەلێك كەمتر ئەگەری ئەوه بێتەئاراوه، كاتەگۆریەكان تێكەڵبەیەكتریی بن.

---

[٥]محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦).

[٦]بڕوانه محەمەدی مەحوی (٢٠٠١)، كاروان عومەر قادر (٢٠٠٦) !

[٧] Lyons (1981:10)، بیشڕوانه محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦) !

[٨]بیشڕوانه ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢)، بەرگی دووهەم بەشی شەشەم !

بینای/دروستەی لێکۆڵینەوەکە: بەشی یەکەم بۆ ئەوە تەرخانکراوە بزانرێت چۆن و بۆچی کار بە مۆدێلی وشە_بناغە دەکرێت، بۆئەوەی دەربخرێت، کام وشانە سەر بە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناون. بەشی دووهەم بۆ ئاشکراکردنی گرنگیی جێکەوتە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویی و ئەدگاری پلەداریدا جیاکراوەتەوە. لایەنی پەسنکەریی ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵییداو لە لایەنی دیاریکەریی لە وشەی لێکدراوو خرواتەکیەکەدا بە /ە/ ی دیاریکەرو پاشگری ناسیارییەوەو لە فرێزی خاوەندارییدا جیاکراوەتەوە. هاوبەشیی ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی لەگەڵ ئاوەڵناودا نیشانیدەدات، کە ناو وەك بەشێك لە ئاوەڵناو هەڵسوکەوتدەکات. هەروەها ڕاستییەکانی وەك، جومگەی ناویی دەرنەبڕدراو، وەرگرتنی پاشگرەکانی باڵاوبەراورد لەلایەن ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی و ئاوەڵکرداری پلەدارەوەو ئاوەڵناوێتیی وشەکانی /زوو، درەنگ/ لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا لە بابەتەکانی ئەم بەشەن. لە بەشی سێهەمدا، بە پێکەوەهاتن و ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان لە زنجیرە ئاوەڵناوەکاندا، هەبوونی ئاوەڵناوەکان و چەشنەکانی لە زمانەکەدا پشتگیریانلێدەکرێت.

## بەشی یەکەم
## ئاوەڵناو لە ڕووی فۆڕمەوە

محمد معروف فتاح (٢٠١٠) وەهایدادەنێت، کە زمانەوانە (کوردە)کان لە شیکردنەوەکانیاندا لەسەر زمانی کوردیی قەبارەیەکی گەورەتریان لەخۆی بە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو داوە. هەروەها بۆ ئەم زمانەوانە دروست نییە، کە لەبەرهەمە زمانەوانیەکاندا، کە لەسەر بنچیینەی مۆڕفیم دانەڕێژراون، وشەی مۆڕفۆلۆژیی فرەمۆڕفیم (وشەی لێکدراو، هەڵگوێزراوو تەنانەت وشەی فرێزیی و کۆمەڵەوشەیش) بە ئاوەڵناو دانراون. واتە، ئەگەر ئەو وشە فرەمۆڕفێمیانە وەك ئاوەڵناوە بنەڕەتیە یەك_مۆڕفێمیەکان بە ئاوەڵناو دانەنرێن، ئەوا ژمارەی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردییدا کەم و دیارییکراو دەبن و ڕەنگە لەم ڕێیەیشەوە هەموو بوارە واتایی و بیریەکانی ئاوەڵناویش نەگرنەوە (بەشی سێهەم).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدرێت، کە مۆڕفێم دوو جۆری هەیە: مۆڕفێمی نا_سەربەخۆ، کە لکاو نەلکاون. مۆڕفێمی سەربەخۆ، کە "وشە" یشی پێدەگوترێت. مۆڕفێمە سەربەخۆکان یەك_مۆڕفێمیی و فرەمۆڕفێمی (لێکدراوو هەڵگوێزراو) یان هەیە. دروستەی مۆڕفۆلۆژیی بە ڕێساو یاسای خستنەتەکیەکی مۆڕفێمەکان بەرهەمهێنراون بە "مۆدێلی مۆڕفیم_بناغە" پەسندەکرێت. بە "مۆدێلی وشە_بناغە"، کە بۆ ئۆپەراسیۆنە نازنجیرەییەکانیش دەخوات، ڕووندەکرێتەوە. بەم مۆدێلەیان وشەیەکی ئاڵۆز (فرەمۆڕفیم) لەڕێی داڕشتنی "وشە_خشتەیەك" word-diagram ەوە بەدەستدەخرێت: لەم مۆدێلەدا، وەك /شا، زەرد، قاوە، قاوەیی، شارەزوور، .../، هەر یەك لە وشەکانی /شاژن، شاکار، شاهەنگ، شاسوار، .../ یش وشەیەکە. دیارە، کە فەرهەنگیش لەو وشانە پێکدێت[٩]. مەبەست وشەی فرە_مۆڕفێمییە، کە یەك واتای سادەی هەیە، نەك واتایەکی لێکدراو compositional meaning. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە بناغەیەك بۆ زمانی نوسیین. چەمکی وشە، وەك پێکەوەبوونی یەك فۆڕم و یەك واتا، چەمکی بنەڕەتیی مۆڕفۆلۆژییەو وشەکان بناغەی پێڕەوی نوسینمانە[١٠]، بۆیە بۆ ئەم لێکۆڵیینەوەیە کار بە مۆدێلی دووهەم دەکرێت.

ئێمەی زمانەوان وشەکان شیدەکەینەوە، بۆئەوەی دروستەی ناوەوەی لێکسێمە نا_سادەکان/فرەمۆڕفێمیەکان بخەینەڕوو و یاساکانی دروستکردنیان ئاشکرابکەین. ئێمەی زمانەوان ئەم کارە بۆ خۆمان دەکەین و وەهایدادەنێین،

---

[٩] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٦٦_٨٣).

[١٠] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠:١)، واتە Haspelmath (2002).

که بۆ نمونه /مارماسی/ وشەیەکی لێکدراوەو لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ دروستبووە[11]. لێکۆڵەریش لە لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییەکانی تریدا لەسەر دروستەو یاسای وشەدروستکردن کار بە ڕێزمانێك دەکات، کە لەسەر بناغەی مۆرفێم داڕێژراوە. هۆی ئەمە بۆ مۆدێلی ڕێزمانەکەو تایبەتمەندییەکانی زمانەکە دەگەڕێتەوە. ئەمانە پێماندەڵێن، کە وشەی یەك_مۆرفێمیی لە زمانەکەدا کەم و سنووردارەو کە لێماکانی ناو فەرهەنگەکەی بەزۆریی وشەی فرەمۆرفێمیی وشەی فرێزیی phrasal word بەلێکسێمبوون بە دروستەی جۆراوجۆرەوەوە. لەبەرئەوەی ئێمە لێکسێم لە بەکارهێنانەکانی جیادەکەینەوە (/ماڵ/: /ماڵەکە، ماڵەکەمان، ماڵداریی و ...)، ئەوا بە لێکسێمبووەکانی ناو فەرهەنگیش هەر لێکسێمن، ئیتر گرنگ نییە دروستەی ناوەوەی هەریەکەیان سادەیە یان نا. بڕیاردەر لێرەدا ئەو ڕاستییەیە، کە زمانەکە خۆیشی بەم چەشنە وەکیەك مامەڵە لەگەڵ لێکسێمەکان و بەلێکسێمبووەکاندا، وەك لێمای ناو فەرهەنگ، دەکات.

وشەی نوێ لەڕێی پرۆسەکانی وشەدروستکردنەوە دێنەئاراوە. بەبەرهەمیی هەر یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی خۆی لەمەدا دەنوێنێت. خۆ دەیشزانرێت، کە سەردەمی دانانی وشەی یەك_مۆرفێمیی کەم یان زۆر بەسەرچووەو هێمادانان ڕێچکەی تری گرتۆتەبەر[12]. وشە بەلێکسێمبووەکان لەو وشەو دەربڕاوانە (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی) جیادەکەینەوە، کە ئەمڕۆ بۆ پڕکردنەوەی بوارەواتاییەکانی ئاوەڵناو بەرهەمیاندەهێنین و نەبوونەتە وشەی سەربەخۆ (سپی شیریی، سپی سەدەفیی، سپی بەفریی، سەوزی شینباو، سەوزی زەردباو)[13].

لەگەڵ ئەوەیشدا، گشت ئاوەڵناوەکان، بە وشەی فرێزیی و کۆمەڵەوشەکانیشەوە، کە بوونەتە لێکسێمی سەربەخۆ، لە لیستی وشەکانی ناو فەرهەنگدا تۆمارکراون. لەوەیش گرنگتر ئەوەیە، کە دروستەی ناوەوەی ئەو لێکسێمانە بۆ ڕێزمان گرنگ نییەو بۆ ڕێزمان نادیارە opaque. ماسیگرێك "ماسییەك" دەگرێت، نەك "مارێك" و "ماسییەك". واتە، ئەویان بەرکاری ڕاستەوخۆو ئەمیان ناڕاستەوخۆ نییە. شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بناغەی ڕێزمانێك، کە کار بە وشە دەکات، ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێت، کە نمونەکانی خوارەوە لە فرێزی خستنەپاڵییدان و بە پەسنکراوێکی نادیاریکراوەوە ئاوەڵناون و بۆ پەسنکردنن ("کوڕێکی ئازا، پیاوێکی دڵسۆز").

١_ا) لێکسێمی بنەڕەتیی: جوان، ژیر، گەورە، ئازا، سپی، ...

_ب) لێکسێمی فرەمۆرفێمیی: لێکدراو: دڵسۆز، دڵڕفێن، دڵتەزێن، دڵپاك، دەمدرێژ، دەمپیس، لوتبەرز، باڵابەرز، ڕۆماننوس، سکسوتاو، چاوبەکل، ڕەنگاوڕەنگ، ترشوشیرین، گێژووێژ، زۆرخۆر، کەمدوو، پیاوکوژ، دەزبڕ، دەستکەوت، ...

هەڵگوێزراو: زێڕیین، لماویی، بەناز، بەکار، بێباك، بێکار، ناپیاو، ناپاك، نامەرد، ناخۆش، نەخۆش، گەڕۆك، ترسنۆك، چاوچنۆك، سەرکیی، لاوەکیی، سپیکەلە، ڕەشکەلە، سوکەڵە، سورفل، گوپن، چڵکن، گۆشتن، لەرزۆك، ...

_پ) کۆمەڵەوشەیی/وشەی فرێزیی: چاولەدوو، دزنەبەر، ...

لێکۆڵەر، بەپێی ئەو ڕوونکردنەیەی سەرەوە، لەم گریمانەیەوە دەردەچێت: ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵناویی و ئەو ئاوەڵناوانەیش، کە بە پرۆسەکانی وشەدروستکردن هێنراونەتەئاراوەو بوونەتە لێکسێمی سەربەخۆ، لە خانەی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوی فەرهەنگییدا دادەنرێن و لەوانەیان جیادەکرێنەوە، کە لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن.

---

[11] بڕوانە محەمەدی مەحوی (٢٠١٠)، واتە !

[12] بڕوانە محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩_ب) !

[13] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣١.

خشتەی ژمارە (١) ئاوەڵناوو ئەو پۆلەڕەگەزانەی، وەك ئاوەڵناو بەكاردەهێنرێن.

ئاوەڵناو

ئاوەڵناو ناو

ناوی ئاوەڵناویی دروستكراو بە پڕۆسەی وشەدروستكردن

زێڕ_یین، ئاڵتون_یی، مندڵ_انە،

كەر_انە، بە_دەم،

هەر وەك دیاریكراوە، وشەیەك كاتێك بە ئاوەڵناو دادەنرێت[14]، كە ئەم سێ تایبەتمەندییەی یان ئەدگارەی هەبێت[15]:

١_ دەبێت وشەكە لەڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت، واتە بۆ دەربڕیینی یەكێك لەو بوارە واتاییانە بێت، كە لە كوردییدا ئاسایی بە هۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێن (بڕوانە بەشی سێهەم!). لەسەرو ئەوەیشەوە دەبێت بۆ پەسنكردن بێت (١/٢).

بیرەكان بەگشتیی و بۆ بوارە واتاییەكان بەتایبەتیی لە مێشكدان، هەر بۆیە ئەمڕۆ بە وشەی هەبوو و وشە نوێكان، بە دروستەی سادەو ئاڵۆزەوە، بۆ دەربڕیین و بەرجەستەكردنیان بەكاردەهێنرێن (/چاوباشقاڵ، بەكرێگیراو، منداڵانە، .../). ئاشكرایە، كە خواستنی وشەی بیانی، كە لە زمانەكانی ترەوە وەردەگیرێن، بە پڕۆسەی وشەدروستكردن دادەنرێت. وشەكان بە فۆڕمەكانیانەوە –گۆڕدراو یان نا– بۆ بوارە بیریی و واتاییەكان دەخوازرێن، كە لە مێشكدان. ئەوانەیان، كە ئاوەڵناون، بە گشتیی وەك ئاوەڵناو وەردەگیردرێن. دیارە، ئەو ئاوەڵناوانەیش وەردەگیریدرێن، كە فۆڕم بۆ بوارە بیریی و واتاییەكانیان لە زمانە خۆماڵیەكەدا نیین[16].

٢_ وشەیەك بە ئاوەڵناو دادەنرێت، كە لەڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵناو بێت: دەبێت وشەكە لەباری بەراوردكردندا پاشگری /_تر/ و /_ترین/ وەربگرێت. ئەم لێكۆڵینەوەیە دەریدەخات، كە گشت ئاوەڵناوەكانی زمانی كوردیی ئەو پاشگرانەیان پێوەدەلكێنرێن ("ژیر_تر، جوان_تر، دڵسۆز_تر، چاولەدوو_تر، ڕەجعیی_تر، فەقیر_تر...).

لاوازیی ئەم مەرجەیان لەوەدایە، كە هەندێك لەو پۆلەڕەگەزانەی دییكەیش لە فۆڕمی بەراوردوباڵادا دەردەكەون ("من كاژێرێك زووتر/دێرتر لەتۆ گەیشتم"): ئاوەڵناو پلەدارە. تەنها ئاوەڵناو پاشگرەكانی بەراوردوباڵا وەرناگرێت، بەڵكو فرێزی خستنەپاڵییش بە كاتەگۆرییەكی پلەداری دییكەوە، كە لە بەكارهێنانی ئاوەڵناوییدایە (٢/١_٣) وەریدەگرن[17].

كەواتە، جێكەوتەو ئەدگاری پلەداریی، لەپێش فۆڕمەوە، بۆ دیاریكردنی ئاوەڵناوێتی وشەیەك گرنگە (دەربارەی پەسنكەرو پەسنكراو یان دەرخەرو دەرخراوو پێشوپاشبوونیان بڕوانە (٢/١) و (٢/١_١)!).

٢_ا) پیاوی ئازا، _ب) ئازاترین پیاو.

---

[14] پێناسەی زۆری ئاوەڵناو كراوە، كە بەزۆریی لەگەڵ ئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەویەدا بۆ پێناسەی ئاوەڵنوای كوردیی ناگونجێن ، لەوانە: (ا) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٢:٥٨)، نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی (١٩٨٢:٧٥) : كەمال میراودەلی (٢٠٠٧:١١٣) و سەرچاوەی تر.

[15] محمد معروف فتاح (٢٠١٠) و ئەو سەرچاوانەی، لەوێدا ئاماژەیانپێدراوە.

[16] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠).

[17] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣) !

٣_ا) لەڕۆژێکی خەمباردا، _ب) لە خەمبارترین ڕۆژدا.
٤_ا) هەرە پیاوی ئازای گەلەکەیە. _ب) هەرە ئازاترین پیاوی گەلەکەیە.

٣_ دەبێت وشەکە بتوانێت بە یاریدەی کردارێك کردارێکی لێکدراو دروستبکات (/گەورەکردن، بەرزکردنەوە، .../)[18]. تێبینی ئەوە بکە، کە ئاوەڵناوی /زەرد، سەوز، گەورە/ لە کرداری لێکدراوی وەك /نازکردن، گەورەبوون، زەردکردن، زەردهەڵگەڕان، سەوزچوونەوە/ دا تەواوکەری کردار نین، بەڵکو بەشێکن لە خودی کردارەکە ("نەسرین نازدەکات"، "دایکم بامێکە زەرددەکات"، ...). لەسەرووئەوەیشەوە، لاوازیی ئەم مەرجەیان لەوەدایە، کە کاتەگۆریەکانی دیکەیش بەهەمان شێوە کرداری لێکدراو دروستدەکەن (/نان_کردنەوە، شەو_کردنەوە، درەنگکەوتن، خەمباربوون، خۆبەزلزانیین، حیسکردن، ...). بۆ توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەبێت وشەکە لەڕووی گۆکردنەوە ئاوەڵناو بێت، واتە: دەبێت بە پلەی یەکەم پەسنکەری پەسنکراو بێت، نەك دەرخەری دەرخراوو بە/چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت (٢/١_١).
دەبێت وشەکە لەگەڵ هەندێك کرداردا گۆکردنی تەواوکەریی هەبێت، تاوەکو بە ئاوەڵناو دابنرێت (/"من ئەوم بە ئازا زانی"،/ "من ئەوم بەژیر هاتەبەرچاو"). لاوازی ئەم مەرجەیان خۆی لەوەدا نیشاندەدات، کە حساب بۆ جومگەیەکی ناویی نەکراوە، کە دەبێت لە فرێزەکەدا لەپێش ئاوەڵناوەکەوە بێت، بەڵام کە دەرنەبڕدراوە ("(کەسێکی) ئازا"، (مرۆڤێکی) ژیر"، "(دارێکی) ڕەقوتەق") (بڕوانە بەشی دووهەم !)). ئەم مەرجە لەو ڕووەوە ئارگومێنتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهێزدەکەن، کە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوییش هەمان گۆکردنی هەیە ("من ئەوم بە پیاو/بە کەر زانی").
دەبێت بەهۆی ئاوەڵکرداری ڕادە یان کەرەستەی ترەوە پلەو ڕادەی دیاریبکرێت. ئەم مەرجەیش بۆ هەموو ئاوەڵناوەکان بە فۆڕمی جۆراوجۆرەوە دەخوات.
٥_ا) کوڕێکی زۆر ئازا.
_ب) منداڵێکی، تا بڵێیت زرنگ.
_پ) مرۆڤێکی، تا بڵێیت، سووك/حەقیر/ئەنانی.

ئەم لێکۆڵیینەوەیە ئاشکرایدەکات، کە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی و ئاوەڵکرداری پلەداریش ئەو کەرەستانە وەردەگرن ("زۆر/گەلێك پیاو"، "زۆر/گەلێك زوو/دێر"). لە لێکۆڵینەوەکەیدا، محمد معروف فتاح، هەوڵیداوە بەو مەرجانەو پەیکاڵ لە گەڵ بنەماو بۆچوونەکاندا چەمکی ئاوەڵناو تەسکبکاتەوەو ژمارەیان کەمبکاتەوە، بەڵام تێبینیەکانی لەتەك ڕوونکردنەوەی مەرجەکاندا پێشکەشکران لەگەڵ داتاو شییکردنەوەکانی بەشەکانی تردا پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن.

## بەشی دووهەم

## چەمك و سنوور

لێکۆڵەر، لەم شییکردنەوانەیدا، لەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەردەچێت و بەم جۆرە پێناسەی "ئاوەڵناو" وەك کاتەگۆرییەك دەکات: "ئاوەڵناو" یەکێکە لە پۆلەڕەگەزە سەرکیەکانی زمانی کوردیی، کە لە فۆڕمی وشەی بنەڕەتیی

[18] محمد معروف فتاح (١٩٨٩).

(یەك_مۆرفێمیی) یان لە شێوەی پێکهاتوو (خراوەتەکیەك (ناو+ئاوەڵناو) و خراوەپاڵیەك) یشدا دەربکەوێت. خراوەتەکیەکان وشەن و ئاوەڵناو تیایاندا دەرخەرە (/چاوشین/ (کەسێك، کەچاوی شینە)). لە خراوەپاڵیەکەکاندا بەکارهێنانی ئاوەڵناویی (ناو+ی+ئاوەڵناو) هەیە، پەسنکەرەو جومگەیەکی ناویی پەسندەکات ("چاوی شین" (چاوێك، کە شینە). ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی سەربەخۆی ناو ڕستەدا گۆکردنی ئاوەڵکرداری چۆنیەتی هەیەو بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیارلێدەکرێت. لە ڕوودانی کرداربەندییدا بکەر پەسندەکات و هەم بە /چی/ و هەم بە /چۆن/ پرسیارلێدەکرێت.

پێناسە ڕوونکەرەوەکە چەند بۆچوون و گرییمانەیەکی لەخۆدا هەڵگرتووە، کە لە بەش و پارەکاندا دەسەلمێنرێن و دەچەسپێنرێن. لێرەیشدا، شوێنپێی ڕێزمانەوانەکان هەڵدەگیردرێت، بۆیە بەپێی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیانە، سینتاکسیانەو واتا پۆلەڕەگەزە سەرەکیە کراوەکان لەیەکجیادەکرێنەوە. بڕیاردەر، بەڵام بەردەوام جێکەوتە position ی ناو دروستەکان structures و جۆری بەکارهێنانی ئاوەڵناویین attributive use هەمبەر بە بەکارهێنانی نا_ئاوەڵناویی:

جێکەوتە: بۆ دیاریکردنی ئەو پۆلەڕەگەزە سەربەخۆیانەو بۆ جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزە داخراوەکان لەیەکتریی، پەنابراوەتەبەر جێکەوتەکانیان لەناو دروستەی پێکاهتووەکاندا. لەکاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە، ئەندامەکانی کۆمەڵە لاوەکیەکە (مۆرفێمەکانی نیشانە، پرسیارو پەیوەندیی، جێناوو ... هتد.) بەپێی جێکەوتەیان لە ڕستەدا بڕژێنەناویەکەوە، واتە مۆرفێمێکیان سەر بە دوو پۆلەڕەگەزبێت، ئەندامەکانی پۆلەڕەگەزە کراوەکان ئەم ئەگەرەیان دەگەمەنە یان هەر نییە.

### ۱/۲) گۆکردنی ئاوەڵناو بۆ پەسنکردنە

ئاوەڵناو وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتی بۆ پەسنکردنی ڕوودانی کردارە ("منداڵەکە خێرا ڕادەکات") و لە فرێزی خستنەپاڵییدا جومگە ناوییە دیاریکراوەکەی فرێزەکە پەسندەکات ("پیاوێکی ئازا"). مەرج نییە ئاوەڵناو، کە ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت، جومگە ناوییەکە پەسنبکات ("پیاوە ئازاکە" (بڕوانە (۲/۱_۱)!). بەپێچەوانەیشەوە، ئاوەڵناو لە کرداربەندییدا لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا نییە، بەڵام فرێزە بکەرییەکە پەسندەکات (پیاوەکە ئازایە). کەواتە دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە "منداڵە خێراکە" لە "منداڵەکە خێرا ڕادەکات" ەوە هاتووە. چونکە هیچیان بکەرەکە پەسنناکەن.

۱) خستنەتەکیەك juxtaposed constructions

۱– ا) چاوشین (کەسانێك، کە چاویان شینە)،

–ب) پیاوکوژ (کەسانێك، کە مرۆڤ دەکوژن (پیاوکوژ))،

–پ) دەستکەوت (چشتانێك، کە دەکەونە دەستەوە (قازانج))،

–ت) کۆستکەوتوو (کەسانێك، کە کەسێکیان مردووە)،

–ج) بەشخوراو (کەسانێك، کە بەشیان زەوتکرابێت).

ڕەگی کردار (۱_ب) لە ئاوەڵناوەوە (۱_ا، ت، ج) نزدیکە. ئاوەڵناوەکان و ڕەگی کردار لەو خراوەتەکیەکانەدا وشەیان لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو دروستکردووەو تیایندا ئەو دوانە وەك سەری خراوەتەکیەکەکان گۆدەکەن. بەپێچەوانەوە، قەدی کردار لە (۱–پ) دا وەك ئەو سەرە وشەیەکی لە پۆلەڕەگەزی "ناو" بەرهەمهێناوە. ئاوەڵناوی کراوو کردوو past participles (۱–ت، ج) لە زمانی کوردییدا لەڕێی پرۆسەی مۆرفۆلۆژییەوە دروستدەکرێن و ژمارەیەکی زۆر لە

دروستکراوەکانیان بوون بە لێکسیمی سەربەخۆ[19]. واتاکانی ئەو وشانە دەریدەخەن، کە ئاوەڵناو لەم خراوەتەکیەکانەدا جومگەیەکی ناویی پەسنناکات، بەڵکو زۆرتر ڕۆڵی دەرخەری بۆدەبینێت[20].

ئەنجام_١: خراوەتەکیەك بە سەری ئاوەڵناوییەوە لە زمانی کوردییدا وشەن، لە پۆلەرگەزی ئاوەڵناون و تیایاندا ئاوەڵناوەکە وەك دەرخەر گۆدەکات، نەك وەك پەسنکەر. بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیار لە گشت وشەکە دەکرێت، نەك تەنها لە ئاوەڵناوەکەی.

٢) خستنەپاڵیەك genitive constructions

٢_ا) پیاوی ئازا (پیاوانێك، کە ئازان)،

_ب) ژنی شۆخ (ژنانێك، کە شۆخن).

٣_ا) کەوای سورمەیی (ئەو کەوایانەی، کە ڕەنگی سورمەییان هەیە)،

_ب) ڕەنگی ئاڵتونیی (ئەو ڕەنگانەی، کە ئاڵتونیین (لە ڕەنگی ئاڵتوون دەچن)).

ئاوەڵناوێك، کە لە فرێزێکی خستنەپاڵیدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت (٢_ا، ب)، جومگەیەکی ناویی لەپێش خۆیەوە پەسندەکات و بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیارلێدەکرێت. لێکدانەوەی واتاکانی فرێزەکان ئەدگاری پەسنکەرانەی ئاوەڵناوەکان نیشاندەدەن. نمونەکانی (٣) هەر بەو چەشنە شییدەکرێنەوە، هەرچەندە ئاوەڵناوەکانی (٢) یەك_مۆرفیمین و ئەوانەی (٣) فرەمۆرفیمین: ئاوەڵناوەکانی (٢) بنەڕەتیین و ئەوانەی (٣) بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دروستکراون. ئەم فرێزە خستنەپاڵیانە فرێزی ئاوەڵناویین و تیایاندا ئاوەڵناو وەك سەر گۆدەکات. دیارە، کە ڕەگی کردار بە تەنها لەم چەشنە فرێزانەدا ڕوونادات و دەرناکەوێت.

نمونەکانی (٤) فرێزی خستنەپاڵیی خاوەندارێتی یان بۆ گەڕاوەن[21]. هەرچەندە "ناو" ێك لە کۆتایی فرێزەکەدا ئاوەڵناویی بەکارهێنراوە، بەڵام ناوەکە نەبووەتە ئاوەڵناوو دەرکردە تەواوەکەیش فرێزێکی ناویی خاوەندارییە. چاوەڕێدەکرێت لەم حاڵەتەدا بە وشەی پرسیاری /کێ/ پرسیار لە کەسەکە/جێناوەکە بکرێت و بە /چی/ یش پرسیار لە چشتەکە بکرێت.

٤_ا) خانوەکەی نەوزاد/ئەو ("خانوەکەی کێ؟"، "کام خانووە؟")،

---

[19] ئاوەڵناوی کراوو کردوو بە ناوی ئاوەڵناوی بەرکار (/خوراو/) و ئاوەڵناوی کارا (/مردو/) یشەوە هاتوون (ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢:١٢٤) !).

[20] لە "پێکهاتووی سەرکۆتایی" دا endocentric constructions توخمی دیاریکەر modifier ئاوەڵناوەو دەکەوێتە دواوەو ناوەکە "سەر head، کرۆك nucleous هەڵگری توخم" ە. گۆکردنی توخمە دیاریکەرەکە دیاریکردنی تەواو_دروستی کرۆکەکەیە ("میوەی پاراو"). /میوە/ لە نمونەکەدا دەتوانێت جێگەی "میوەی پاراو" بگرێتەوە. ئەم پێکهاتووە سینتاکسییە دوو جۆری هەیە: چەشنی coordinative و subordinative : لەوەی یەکەمیاندا یەکەیەکەی زنجیرە وەچەپێکهاتەکان/جومگەکان وەك هەموو دەربڕاوەکە سەر بە پۆلێکن ("ئازاد، ئارام و ئاکۆ"). لەوەی دوەمیاندا، تەنها یەکێکیان لەهەمان کاتەگۆرییە وەك هەموو دەربڕاوەکە ("میوە پاراوەکان"). ئەم جیاوازییە پەیوەندیی وابەستەگێتیی گرنگی لەو چەشنانە دەستنیشاندەکات، کە ڕێزمانی وابەستەگێتیی dependence grammar و ڕێزمانی کاتەگۆریانە categorial grammar بنیاتنراون (بڕوانە Th, Vennemann (1977), L, Bloomfield (1933) !). خوێنەر لەم دوو چەشنە وەچەپێکهاتەیەدا ڕوون و ئاشکرا جیاوازیی خستنەپاڵیەك و خستنەتەکیەکی زمانی کوردیی بەدیدەکات.

[21] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) و (٢٠١١) و بەراوردیانبکە لەگەڵ کوردستان موکریانی (١٩٨٦:١٢٤) و نەرمین عومەر (٢٠١٠:٤٨) دا، کە زاراوەی "ئاوەڵناوی نیسبیی" بۆ فۆرمی /کوردیی/ لە فرێزی "زمانی کوردیی" دا بەکاردەهێنن. نەرمین عومەر ئاماژە بەوەیش دەدات، کە ئەم ئاوەڵناوانە لە شێوەی وشەی سادەدا نیین.

_ب) دەسکی دەرگا             ("دەسکی چی؟").

ئەنجام_٢:

(أ) لە فرێزی خستنەپاڵیی ئاوەڵناوییدا، ئاوەڵناوە ئاوەڵناویی_بەکارهاتووەکە وەك سەرێك گۆدەکات، کە جومگەیەکی ناویی لەپێش خۆیەوە پەسندەکات و بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت.

(ب) لە فرێزی خستنەپاڵی ناویی خاوەنداریی (٤_ا) یان بۆگەڕاوە (٤_ب) دا، ناوێك لە کۆتاییدا ئاوەڵناویی بەکارهاتووەو وەك دەرخەرێك بۆ جومگە ناویەکەی پێش خۆی گۆدەکات و بە وشەی پرسیاری /کێ/ بۆ کەس و جێناوی خاوەندارو بە وشەی پرسیاری /چی/ بۆ چشتی بۆگەڕاوە پرسیاردەکرێت.

لەکاتێکدا نمونەکانی (٥) وشەی تەکیەکخراون، پەسنکردنیان تێدا نییەو پەڕادیگمایەك دروستدەکەن و لەگەڵ فرێزی خستنەپاڵی ناوییدا (خاوەنداریی و بۆگەڕاوە) لەیەکدەچن، ڕێگەپێدراون، بەڵام خراوەتەکیەکەکانی (٦) تەنها لە فرێزی گەورەتردا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، کە تیایاندا بە داشێك پێکەوە دەبەسترێن (٧).

٥_ دارهەنجیر    (داری هەنجیر/دارانێك، کە هەنجیر دەگرێت)،

دارتوو

دارگوێز

دارخورما

٦_ا) *کەواسورمە

_ب) *دان ئاڵتوون

٧_ا) ژنێکی کەوا_سورمە     (ژنێك، کە کەواکەی لە سورمە دروستکراوە)،

_ب) پیاوێکی دان_ئاڵتوون  (پیاوێك، کە (چەند) دانێکی لە ئاڵتوونە)،

دەربڕوای "کەوا_سورمە" یان "دان_ئاڵتوون" پێکهاتووی نێوانیی/دەستەواژییلەیین، واتا زۆرتر وشەن وەك لەوەی فرێز بن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو پێکهاتوانەی دوایی لە دەربڕاوی وەك "ژنێکی کوڕ_کوژراو" دەچن، نەك لە فرێزی وەك "ژنێکی_جەرگسوتاو"، کە وشەی بە لێکسیمبووی /جەرگسوتاو/ ی تێدایە. لێکدانەوە واتاییەکانی پێکهاتووە نێوانیەکان، کە ئاوەڵناویی ڕوویانداوەو دەرکەوتوون، دەریدەخەن، کە لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناون و بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیاریانلێدەکرێت. دەبێت مۆدێلی ڕێزمانەکە هەبونی وشەی فرێزیی و پێکهاتوی نێوانیی مسۆگەربکات و وەك وشە پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی حسابیان بۆبکرێت.

ناوی نیشانەکراو marked nouns:

وشەیەك، کە سەر بە "پۆلەڕەگەزی ناو" ە، دەشێت ئەدگاری ئاوەڵناویی[22] هەبێت و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا ئەو ئەدگارەی دەربکەوێت (بڕوانە وشەی /کەر/ لە خراوەپاڵیەکی "پیاوی کەر" دا!)[23]. ئەو ناوانە ناوی نیشانەکراون marked nouns و بەگوێرەی چڕیی نیشانەکراوییان لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدان. ئەم ناوانە

---

[22] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٠:٨٧) !

[23] کولتوور ڕۆڵێکی گرنگ لە فەرهەنگدا دەبینێت: حوشتر بۆ عارەب گرنگەو ناوی زۆریان بۆی داناوە. کام ناوانە نیشانەکراون و ئاوەڵناویین لە زمانی کوردییدا، دەشێت وابەستەی کولتووری کوردیی بێت، بۆیە ناوی وەك /کەر/ و /گا/ بە واتای (بێمێشکیی و گەلحۆیی) ەوە ئاسایین.

سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی ڕوونادەن، بەڵام بەوشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیاریان لێدەکرێت (٨). بۆئەوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن و ئەم گۆکردنەیان هەبێت، پێویستە لەپێشدا لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بە پرۆسەکانی وشەدروستکردن بکرێن بە ئاوەڵناو (کەر_انە، سورمە_یی، ئاسن_ین، زێر_ین و ... هتد.)، ئەوجا دەتوانن لە ڕستەدا گۆکردنی ئاوەڵکردارئاسایان هەبێت (بڕوانە نمونەی (١٦)!). لە ئەنجامدا، زاراوەی "ئاوەڵناو_ئاسا" لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە پێناسەکانی زمانەوانەکانی تر جیاوازدەبێت. کەواتە لە جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی وردتری هەر یەك لە پۆلەڕەگەزەکانی ئاوەڵناو، ناوو ئاوەڵکردارەوە دەردەچین و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی دەکەینە سەرچاوە.

بۆ بۆچوونی"ناوی ئاوەڵناویی" و سەلماندنی بڕوانە فۆرمەکانی بەراوردوباڵاو! لە هەندێك وشەی لێکدراودا، یەکێك لەم ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییانە لە سەرەتای وشەکەدا دێت، لەگەڵ ئەوەیشدا نیشانەی ئاوەڵناویی بە گشت وشەکە دەدات (/گابەرد، گاکۆتر، گامێش/). لە (٨_ا، ب) دا بە /چۆن/ پرسیار لە پەسنکەرەکەو و لە (٨_پ، ت) دا بە /کام/ پرسیار لە دیاریکراوەکە/دەرخراوەکە دەکرێت.

٨_ا) [پیاو N] ی کەر A] ]``A (پیاوانێك، کە بێمێشکن)،

_ب) [پیاوN] ێكD]]``D ی کەرA]]] ``A (پیاوێك، کە بێمێشکە)،

_پ) [پیاوN]ە کەرA] ``A ەکانD] ]``D (ئەو پیاوانەی، کە بێمێشکن)،

_ت) [پیاو N]ە کەرA]] ەکە D ]]]``D (ئەو پیاوەی، کە بێمێشکە).

لە (٨_ا) دا ناوە نیيشانەکراوەکەی /کەر/ لەجێکەوتەی ئاوەڵناودایەو جومگە ناویەکەی پێش خۆی، کە ناوێکە، پەسندەکات. فرێزە تەواوەکە، فرێزێکی ئاوەڵناوییە. لە (٨_ب) دا ناوەنیيشانەکراوەکە فرێزێکی دیاریخەری نەناسیار پەسندەکات و لە (٨_پ، ت) یشدا فرێزێکی دیاریخەری ناسیاریی دیاریدەکات. لەناو ئەم فرێزە دیاریخەریەدا گرێیەکی نێوانیی بە پارتیکڵی دیاریخەریی /ە/ ەوە هەیە. ئەم پارتیکڵە /پیاو/ ی دەرخستووە وەك (بێمێشك/کەر). ئەم پێکهاتووە نێوانییە، کە دەتوانێت مۆرفێمی ناسیاریی /_ەکە، _ەکان/ وەربگرێت. گرێ نێوانییەکە زۆرتر لە گرێیەکی دیاریخەریی دەچێت، وەك لەوەی لە گرێیەکی ئاوەڵناویی بچێت. ئەم ڕاستیە (٨_پ،ت) لە (٨_ا، ب) جیادەکاتەوە، کە تیایاندا /کەر/ چووەتە سەر ناوێك یان ناوێك بە پاشگری نەناسیارییەوە[٢٤].

لە (٨_ا) دا /کەر/ ناوێکی گشتیی پەسندەکات، لە (٨_ب) دا فرێزێکی دیاریخەر یان ناوێکی نەناسراوو لە (٨_پ، ت) دا فرێزێکی دیاریخەر یان ناسراو. وشەی /کەر/ لەو بەکارهێنانە ئاوەڵناویەدا ئاوەڵناوییەکی نیيشانەکراوە، ئاوەڵناوئاسا ڕوویداوەو دەرکەوتووە. ئەم ئاوەڵناو_ئاسایە ناو لە فرێزی دیاریخەری ناسیاریی لە فرێزی دیاریخەری نەناسیاریی جیاکردۆتەوە.

پێشتر ئاماژە بەوە درا، کە دەگمەن ڕوودەدات، پۆلەڕەگەزێکی کراوە لە جێکەوتەیەکدا سەر بە دوو پۆلەڕەگەز بێت، لەبەرئەوەی دەرژێنەناویەکەوە. ئەوەتا ئاوەڵناوو ناوی نیيشانەکراوی ئاوەڵناویی وەکیەك هەڵسوکەوتدەکەن، کاتێك لە خراوەتەکیەکێکدا لەپێش ناوێکەوە دێن. لەم بارەدا ئاوەڵناوو ناوە نیيشانەکراوەکە لە بەکارهێنانی ناوییدان N-A، نەك ئاوەڵناویی A-N، لەگەڵ ئەوەیشدا لەو ڕێیەوە خۆیان لە ناوەکانی تر جیادەکەنەوە، کە داوای هێزێکی/قورساییخستنەسەرێکی تایبەتیی دەکەن (٩). ئاوەڵناوەکان لەم جێکەوتەیەدا خۆیان لەڕووەوە لە ناوە

[٢٤]ئەم شییکردنەوەیە هەبوونی گرێی ناویی، گرێی ئاوەڵناویی و گرێی دیارییخەر لە زمانی کوردییدا دەسەلمێنێت: دەستی من، دەستێکی من، دەستەکانی من، پیاوی ئازا، ئیاوێکی ئازا، پیاوە ئازاکە، پیاوە ئازاکان (محەمەدی مەحویی (٢٠١١) و عبالجبار (٢٠٠٥).

نیشانەکراوەکان جیادەکەنەوە، کە وەك سەرێکی ڕێزمانیی پێویستیان بە پارتیکڵی /ە/ ی دەرخەرییە، بۆئەوەی ناوە دەرخراوەکەی ناو جێکەوتەی ئاوەڵناو دەربخات (١٠). ئاوەڵفرێزەکانی، بۆ لێکدانەوەی پێکهاتووەکانی (٩) بەرامبەر بەوانەی (١٠) هێنراونەتەوە، ئەم ڕاستییە دەردەخەن[٢٥]. لەبەرئەوەی ئەو نموونانە وشە دەنوێنن، ئاسان نییە پرسیار لە یەکێك لە جومگەکانیان بکرێت.

٩_ا) کەرپیاو (پیاوێك، کە کەرە)،

_ب) زۆربلێ (مرۆڤێك، کە زۆر دەڵێت)،

_پ) کەمدوو (مرۆڤێك، کە کەم دەدوێت).

١٠_ا) پیرەمێرد (پیاوی پیر)،

_ب) تەڕەپیاز (پیازی تەڕو پاراو (سەوز))،

_پ) بیرەنەوت (بیری نەوت)،

_ت) گوڵەبەڕۆژە (گوڵی ڕوو لە ڕۆژ)،

_ج) گوڵەباخ (گوڵی باخ).

١١_ا) پیاو+کەر،

_ب) باخ+گوڵ،

_ت) پیاز+تەڕ.

لێکۆڵەر دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە وشەی /کەر/ نیشانەکراوێکی ئاوەڵناوییەو کە لە زۆربەی حاڵەتەکانی لەم چەشنەدان، پێکهاتووەکانیان وەك کۆمەڵەوشەی پێکەوەهاتوویان collocations لێهاتووە (بڕوانە (٢/١_٢)!). ئاوەڵناوییەکی وەك/کەر/ بە هەردوو واتاکەوە لە کولتوورەکەماندا بەکارناهێنرێت. ئەو جێکەوتانەی، کە تیایاندا وشە نیشانەکراوەکە ڕوودەدات و دەردەکەوێت لەوەدا بڕیاردەرە، ئاوەڵناوییەکەی بەرجەستەببێت. دیارە، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا (١٢، ١٤) نییشانە ئاوەڵناویەکەی بەرجەستەدەبێت. لە (١٤) دا دەرخراوەکە دەرنەبڕدراوە (بڕوانە خوارتر !). (١٤_ا) بە دەربڕینی ناوی (پیاو) ەوە /کەر/ ئاوەڵناو_ئاسایەو بەبێ دەربڕینی ئەو ناوە، ڕستەکە دەشێت دوو واتای هەبێت: (چوارپێکە دەزەڕێت) و (ئەو مرۆڤەی نازانێت قسە بکات، دیسانەوە قسەی ناشرین دەکات). وشەی /زۆر/ ئاشکرای دەکات، کە /کەر/ دەبێت واتای (بێمێشك) ی هەبێت و پەسنکراوەکەی، کە "پیاوێك" ە، دەرنەبڕدراوە. دەربڕیینە ڕوونکەرەوەکان (ئێستر نییە، دەلەوەڕێت) ناوە بەرجەستەبووەکەی /کەر/ دەخەنەڕوو.

١٢_ا) پیاوی کەر،

_ب) کەرپیاو،

١٣_ا) ئەوەی، کە تۆ دەیبینیت، کەرە، ئێستر نییە.

_ب) کەرەکە لە هەردوو لای جۆگەکەدا دەلەوەڕێت.

١٤_ا) (پیاوە) کەرەکە دەزەڕێت !

_ب) بەخودا (پیاوێکی) زۆر کەرە !

ئەم شییکردنەوەیە هەبوونی وشەی ئاوەڵناویی (/کەر، پیاو، مەرد، .../) و ئاوەڵناوی ناویی (/جوان، نازدار، .../) ڕەتناکاتەوە، بەڵکو پێشبینیی ئەوە دەکات، کە ئەگەری هەبوونیان ڕوونکردنەوەی داتاکان باشتر لە شییکردنەوەکانی پێشتر بەدەستەوەدەدات.

---

[٢٥] ئەم شییکردنەوەیەی ئەو دوو پێکهاتووە لەگەڵ ئەوانەی محەمەدی مەحوی (٢٠١١) دا بەراوردبکە !

15-a)* N — N – Nadj. / Nadj. – N

15-b) — N / Nadj.

ڕوونکردنەوەو پەسنکردنەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە دەبێت وشەیەکی وەك /کەر/ لەو چەشنە نەبێت، کە جارێك ناوێکی ئاوەڵناویی نیشانەکراوبێت و جارێکی تریش ناوێکی ڕووت، بەڵکو کە ناوە نیشانەکراوەکە لە هەموو بارودۆخەکاندا هەر ناوێکی نیشانەکراوی بەلێکسیمبووەو لەتەك ناوی /کەر/ (چوارپێ) دوە لە فەرهەنگدایە. بەڵگەکان بۆ ئەم بۆچوونەیان لەلایەکەوە ڕوودانی نا_ئاوەڵناویەتی لە (١٢_ب) داو دەرکەوتنێتی بە هێزێکی تایبەتییەوەو لەلایەکی تریشەوە مامەڵەکردنی جیاوازی خودی زمانەکەیە لەگەڵ ناوەنیشانەکراوەکاندا. ناوەکانی دییکە لەم پێکهاتوانەدا لەم چەشنە هێزەیان لەسەر نییە (/شاژن، خۆرەتاو/) و بە /چۆن/ پرسیاریانلێناکرێت، بەڵکو بە /چی/. پاشانیش جۆرێك لە پەیوەندیی توندوتۆڵی کۆمەڵەوشەیی نێوان ئاوەڵناوە نیشانەکراوەکەو پەسنکراوەکەی/دەرخراوەکەی ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەم بۆچوونە.

ئاوەڵناو_ئاسا:

ئاوەڵناو_ئاسا ئەو ناوە ئاوەڵناوییە نیشانکراوەیە، کە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویی و نائاوەڵناوییدا ڕوودەدات (١٢)، دەردەکەوێت و بە وشەی پرسیاری چۆنیەتیی /چۆن/ پرسیاری لێدەکرێت.

ئەگەر ئاوەڵناوەکانی جووڵە لە ڕستەدا سەربەخۆ یان بەتەنها بەکاربهێنرێن، دەبنە ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی (١٦_ا). ئەمانە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ئاوەڵناو_ئاسا بەکارهێنراون، چونکە خۆیان ئاوەڵناون. ئەو ناوەنیشانەکراوانە ناتوانرێن وەك ئاوەڵناو لەبەکارهێنانی سەربەخۆیاندا لە ڕستەدا گۆکردنی ئاوەڵکرداری چۆنیەتییان هەبێت (١٦_ب). بۆ ئەوەی بتوانن ئەم ئەرکە بەجێبهێنن، پێویستە لەپێشدا بە پرۆسەی وشەدروستکردن بکرێن بە ئاوەڵناوی چۆنیەتیی (١٦_پ). ناوی نیشانەکراو ئەگەری ئەم بەکارهێنانەی هەیە، کە /چۆن/ یش بۆ پرسیاریکردن لێی بەکاردەهێنرێت.

١٦_ا) وەرزشکارەکان خێرا/تیێژ ڕادەکەن. (ئاوەڵناوی چۆنیەتیی)

_ب) *وەرزشکارەکان کەر ڕادەکەن (ناوی نیشانەکراو)

_پ) وەرزشکارەکان کەرانە ڕادەکەن. (ناوی نیشانەکراوی چۆنیەتیی)

تێبینیی ئەوە بکە، کە هەر ئاوەڵناوێکی هەڵگۆێزراو ناتوانێت لەگەڵ جومگە ناوییەکەی خۆیشیدا ڕوویدات و بەپێچەوانەیشەوە (١٧) : (١٨) : (١٩). ئەمە بۆ ناوە نیشانەکراوەکان بەم جۆرە نییە ("قسەی منداڵانە مەکە !").

١٧_ا) دەرگای پۆڵا،

_ب) دەرگای پۆڵایی،

١٨_ا) *دەسکی ئاسن،

_ب) دەسکی ئاسنین،

١٩_ا) کورسی تەختە،

_ب)*کورسی تەختەیی

**١/١_١) ئایا ئاوەڵناو دەرخەرە؟**

محمد معروف فتاح (٢٠١٠) دیارخەریی بە گۆکردنە چالاکەکانی ئاوەڵناو داناوە. لەو ڕستانەی خوارەوەدا، بۆ ئەو زمانەوانە، لایەنی واتاو مۆرفۆلۆژیی نییە، کە ئاوەڵناو لەناوەوە نزدیکدەکاتەوە، بەڵکو تەنها گۆکردنیانە وەك دیارخەر لە ڕستەدا (بەڵام بڕوانە (١٢) !). دوای ئەمەیش وەهایدادەنێت، کە گۆکردنیان وەك دیارخەر، وەهایکردووە زمانەوانە کوردەکان، بۆ نمونە، بە ئاوەڵناویان دابنێن. واتە، گۆکردنی دیارخەریی ئاوەڵناوە ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکردووە، ئاوەڵناوێك لە ڕستەدا جێگەیانبگرێتەوە.

ئاشکرایە، کە لە (١) دا /شین/ دەرخەری /چاو/ ەو کە خراوەتەکیەکەکە "چاوشین" ئاوەڵناوێکەو کەسێك پەسندەکات، کە چاوی شینە (کەسێکی چاوشین). هەرچەندە لە(١٢) یشدا /کەر/ دەرخەرێکی پێشخراوە بۆ /پیاو/ و گشت تەکیەکخراوەکە ئاوەڵناوییەو کەسێك پەسندەکات، کە بێمێشکە، بەڵام دەگمەن یان گران دەرخراوی لەگەڵدا دێت (کەسێکی کەرپیاو). ئێستایش لەم نمونانەی ئەو زمانەوانە ورددەبیینەوە:

٢٠_ا) کوڕێکی لاو،

_ب) جامێکی زیو،

_پ) پیاوێکی حەفتاساڵە.

٢١_ا) شیری دایك،

_ب) باخچەی منداڵان،

_پ) دەرزی قەوان.

ئەو ناوانەی لەو خراوەپاڵیەکاندا ئاوەڵناویی بەکارهێنراون، پەرادیگمایەك لەگەڵ ناوو ئاوەڵناودا دروستدەکەن (٢٠). ئەمەیش دەیانکاتە جۆرێك لە هەمبەریی (دژ) و وەك ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی دەیانخاتەڕوو. تێبینیی ئەوەیش بکە، کە خراوەتەکیەکەکان جۆرێك لە پێکهاتووی کۆمەڵەوشەییان پێوەدیارە. لەو نمونانەدا، ئەوەی ئاوەڵناویی بەکارهێنراوە جومگە ناوییەکەی پێش خۆی پەسندەکات و بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت. کەواتە وشەیەك، کە ئاوەڵناو یان ناوێکی ئاوەڵناویی نیشانەکراوە لە سروشتیدا"پەسنکەر" ە، تەنها بێت یان لەناو پێکهاتوودا.

٢٢_ا) کوڕێکی گەنج/ چواردەساڵە/ هەراش/ قۆز/ ....

_ب) جامێکی زیو /تەنەکە /مس/ ...

_پ) پیاوێکی حەفتا ساڵە/پیر/بەتەمەن/بەساڵداچوو ...

هەرچەندە هەمان چشت بۆ خراوەتەکیەکانی (٢١) یش دەخۆن ، بەڵام ئەم نمونانە پێکهاتووی خاوەندارێتی و بۆگەڕاوەییان هەیەو پەسنکەرییان تێدا نییە (٢٣). دیارە، کە دەبێت بە وشەی پرسیاری /چی/ پرسیار لەو ناوەیان بکرێت، کە ئاوەڵناویی ڕوویداوەو دەرکەوتووە. لە ئاوەڵکراوەکانیش بە /کەی/ و /چ کاتێك/ پرسیاردەکرێت.

٢٣_ا) شیری دایك/مەڕ/ مانگا/ ...      ("شیری چی؟")

_ب) باخچەی منداڵان /ساوایان /گیانداران /گوڵان/ ... ("باخچەی چی؟")

_پ) دەرزی قەوان/ دروومان / لێفەدروون ...          ("دەرزی چی؟")

_ت) کوڕی تەنگانە/دواڕۆژ/ئاییندە        ("کوڕی کەی؟")

ئەو جیاوازیانە دەکرێنە بنەما بۆ پۆلێنکردنی وشەکان (ناو، ئاوەڵناوو چەشنەکانیان). ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا پەسنکەرە (شیری وشك) و کە ناوێك لەو بەکارهێنانەدا خاوەندارێتیی و بۆگەڕاوەیی دەردەبڕێت و دەبێتە دەرخەری جومگە ناوییەکەی پێش خۆی. بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەر یەك لەو ناوانەیە، کە بووەتەهۆی ئەوەی وەك دەرخەر بۆ دەرخراوەکەی پێش خۆی گۆبکات. دیارە، کە ناو لەناو پێکهاتووی خراوەپاڵیەکداو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا نەبێت، نابێتە دەرخەر. وشەی /دایك/ بۆ خۆی ناوێکەو دەرخەر نییە، گەر لە پێکهاتووی "شیری دایك" دا نەبێت. تەنها ناوە نیشانەکراوەکانی (٢٠) ئاوەڵناو_ئاسا گۆیانکردووەو ئەوانی تر (٢١) ئەم گۆکردنەیان نییە.

ئەنجام_٣: ئاوەڵناوو ناوی نیشانەکراو لە خراوەپاڵیەکاندا پەسنکەرن، ئەگەر لەگەڵ پەسنکراوەکەیاندا لەپەیوەندیی خاوەنداریی و بۆگەڕاوەییدا نەبن.

**٢_١/٢) ئایا ئاوەڵناوی زمانی کوردیی بەشێکە لەناو؟**

کرداربەندیی/بەشە کرداریی[٢٦]: پێکەوەهاتنی ناو، ئاوەڵکردار یان ئاوەڵناو لەگەڵ "کرداری لاواز" دا (/ە/ و /بوو/) دا فرێزی کرداریی دروستدەکەن و فرێزێکی بکەرییان هەیە. جومگەی یەکەمی کرداربەندییەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی ناوەو بە /چی/ پرسیارلێدەکرێت (٢٤_ا). ئاوەڵکرداریش وەك ناو هەر بە /چی/ پرسیارلێدەکرێت (٢٤_ب). ئەگەر ئاوەڵناوێك لە کرداربەندیەکەدا بەشداربێت، ئەوا بە /چی/ یان /چۆن/ پرسیارلێدەکرێت (٢٤_پ، ت). ئەم نمونانە ئەوە نیشاندەدەن، کە بە گشتیی بە /چی/ پرسیار لە جومگە_نا_کرداریەکەی کرداربەندیی دەکرێت و لە حاڵەتێکدا، ئەگەر ئەو جومگەیە ئاوەڵناوێك یان ناوێکی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی بوو، ئەوا دەشێت بە /چۆن/ یش پرسیارلێبکرێت (٢٤_ج)[٢٧].

٢٤_ا) ئارام مامۆستایە. ("ئارام چییە؟")

_ب) هێشتا زووە. ("هێشتا چییە !")

_پ) ئەو لەسەرخۆیە. ("ئەو چییە !/چۆنە؟")

_ت) ئەو لەنانخواردندا لەسەرخۆیە. ("ئەو لەنانخواردندا چییە !/چۆنە؟")

_ج) ئەو لە قسەکردندا کەرە. ("ئەو لە قسەکردندا چییە؟/چۆنە")

_چ) قسەکردنەکەی زۆر کەرانە بوو. ("چی بوو؟/چۆن بوو؟")

هەوڵدان بەمەبەستی دانانی ئاوەڵناو، لەڕووی فۆڕم و گۆکردنەوە، بە ناو، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاکسیی لەو جۆرانەیان پێویستە، کە هەندێکیان پەیوەستن بە ناوەوەو هەندێکی تریشیان بە ئاوەڵناوەوە. ناوو ئاوەڵناو لەڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە لەیەکجیادەکرێنەوە:

١_ هەندێك زمانەوان چاوەڕێناکەن، ئەو لاگرانەی، کە بە ناوەوە دەلکێن، بە ئاوەڵناویشەوە بلکێن. دەگوترێت، کە پاشگری /_ی/ لەناوخستن (/کوردیی، عارەبیی، .../) و پاشگری /_ی/ لە ئاوەڵناوخستن (/جوانیی، وردیی، .../)

---

[٢٦] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ، واتە Stowell, T. (1981) !

[٢٧] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣)!

دوو پاشگری جیاو جیاوازن[28]. ئەویان پەیوەندیی بۆگەڕاوەو ئەمیان حاڵەت دەردەبڕێت. لەڕێی وردبوونەوەیەکی وردەوە لە ناوەکان بۆمان ئاشکرادەبێت، کە پتر ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی ئەو پاشگرە وەردەگرێت (*/تەختەیی، بەردیی، مێزیی، ...../). لێکۆڵەر دەیەوێت بانگەشەی ئەوە بکات، کە ئەو پاشگرە دەچێتە سەر ئاوەڵناوو ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی و کە بەگوێرەی واتای بناغەکەی، دەرکردەکە ئاوەڵناویی، ئاوەڵکرداریی یان ئاوەڵناوی باروحاڵەت دەبێت:

٢٥_ا) کورد_یی، (پەیوەندیی بۆگەڕاوە)،

_ب) منداڵ_ یی، (سەردەم/قۆناغ یان بارو حاڵەت)

_پ) پیر_یی، (بارو حاڵەت)

کوێر_یی،

لاواز_یی،

وشەکانی /کورد، منداڵ/ ناوی نیشانەکراون و ناوە هەڵگوێزراوەکان لێیانەوە تەواو وەك ئاوەڵناوەکانی /پیر، کوێر/ دەرکردەی ئاوەڵناویی بەدەستەوەدەدەن.

٢٦_ا) بە منداڵیی/پیریی،

_ب) لە منداڵییدا/پیرییدا،

_پ) بە کوێریی/لاوازیی

٢٧_ا) بە خودا منداڵە/کوردە !

_ب) بەخودا نەفامە/زیرەکە !

لە کرداربەندییدا، ناوی نیشانەکراوو ئاوەڵناو هەم بە /چی/ و هەم بە /چۆن/ پرسیاریانلێدەکرێت. نمونەکانی (٢٧)، لە پەرادیگماکانیدا هەڵسوکەوتی ئاوەڵناویی ناوە نیشانەکراوەکان و ئاوەڵناوەکان دەردەخەن. نمونەکانی (٢٦_ا، ب) فرەواتایین، چونکە هەم واتای تەمەن و هەم واتای باروحاڵەتیان هەیە. بەپێچەوانەی (٢٦_پ) ەوە، بناغەکانی (٢٦_ا، ب) ڕێگە بەم فرەواتاییە دەدەن.

ئەو گریمانەیە بەهێزترە، کە بەگوێرەی تەنها ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی و ئاوەڵناوەکان هەمان لاگر وەردەگرن لەو گریمانەیەی، کە وەهایدادەنێت، کە بەگشتیی ناوو ئاوەڵناو لاگری وەکیەك وەردەگرن. نمونەو ڕوونکردنەوەکانی، دەرکردەکانی چالاکیی و حاڵەت دەردەبڕن، ئەو ڕایەمان ئاشکرادەکەن، کە ئەو ناوانە بناغەکانیان لە ئاوەڵناوەوە نزدییکن، بۆیە هەمان لاگر قبووڵدەکەن.

٢٨_ا) کورد_ایەتی، دۆست_ایەتی، مەرد_ایەتی،

_ب) پیاو_ەتی، گەرەی_ەتی،

_پ) کوڕ_ێتی، کچ_ێتی، کەر_ێتی، سپی_ێتی.

ژمارەیەك لە لاگرەکان هەماندەنگیین، بەڵام پاشگری جیاوازن و ناشێت وەك یەك لاگر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. پارتیکڵی /ە/ ی دیاریکەر لە مۆرفۆلۆژیی و لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، واتە هەم فەرهەنگییە (/کوڕەپاشا/) و هەم سینتاکسیی ("کچە گەورەکەیان"). لە فەرهەنگدا لە کۆکردەکانی وشەدروستکردندا چەند جۆرێکی هەیە، کە تەواو

[28] دەربارەی "وشەکانی پرسیار" ڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) و (٢٠١٠)!

لێیاننەکۆڵراوەتەوە. گەر لە بنەغەکانی (٢٩_ب، ت) وردبیینەوە، بۆماندەردەکەوێت، کە ئاوەڵناون یان لە ئاوەڵناوەوە نزدییکن. ئەوانەی لە ئاوەڵناوەوە نزدییکن، ناوی نیيشانەکراوی ئاوەڵناویین (٢٩_ا). پێدەچێت قەدی کردار زۆرتر لە ناوەوە نزدیکتر بێت وەك لە ئاوەڵناوەوە (٢٩_ت) و پیشڕوانە (١_پ) "دەستکەوت"). لێرەوە بەوە دەزانین، کە (٢٩_ا) و (٢٩_ت) گرووپێك بە بناغەی ناوییەوە دروستدەکەن. ڕەگی کردار لە وشە هەڵگوێزراوەکاندا وشەی نوێ لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو بەرهەمدەهێنێت (١_ا) "پیاوکوژ")، (٢٩_ب، پ) "زۆربلێ، کەمدوو"). داتاکانی (٣٠) باشتر ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

٢٩_ا) کورد_ە،

_ب) ورد_ە، درشت_ە،

_پ) خراپ_ە، چاك_ە،

_ت) کوشت_ە، برد_ە، کرد_ە (کردەی من و بردەی تۆ، بابردە)، نانبد_ە،

٣٠_ا) دەست_بڕ، خوێن_ڕێژ، دەست_نووس، ناو_نووس،

_ب) خۆ_فرۆش، بار_بەر، خۆ_پەرست، هەل_پەرست،

هەندێك لە نمونەکانی، کە پشتیانپێبەستراوە، هەمبەرەکانیان کەم یان دەگمەن و دانسقەن. هەندێکیشیان بناغەی ڕوون و ئاشکرایان نییە (٣١_ا) و جومگەکانیان بەواتای تەواوەوە ناناسرێنەوە. لە (٣٤_ج) یشیدا بناغەکان تەنها ئاوەڵناون. وشەی /زەردێنە/ یش بەشێکە لە وشەیەکی فرێزیی (/زەردێنەی هێلکە/) و /زەردێنە/ بەتەنها بۆ خۆی لێکسیمێکی ناو فەرهەنگ نییە. پێکەوەهاتنی کۆمەڵەوشەییە، کە لە واتای /زەردێنە/ ەوە وشەتەواوەکەی /زەردێنەی هێلکە/ دێتەوە بەرچاومان (بڕوانە psychological reality, discovery ability و ببینە چۆن دیاریخەر ناسنامەی ئاماژەبەندی reference identity ناو دەردەخت[٢٩].

٣١_ا) ماش_ێنە، نیسك_ێنە، *(ترخ_ێنە) : زەرد_ێنە،

پووش_ەن، *(دەو_ەن، چیم_ەن) : ڕووتەن،

_ب) چاپ_ەمەنی، شیر_ەمەنی، تەقە_ەمەنی : سارد_ەمەنی،

کوڕ_انە، کچ_انە، منداڵ_انە : پاك_انە، ناسك_ۆڵ : نەرم_ۆڵ،

باڵ_ندە : کوش_ندە، دڕ_ندە، کوت_ەك : بەرز_ەك.

پێدەچێت –لێکۆڵەریش هەر قورساییدەخاتە سەر ئەوە– زمانی کوردیی مەیلی ئەوەی هەبێت لاگری زۆر، بەڵام کەم و سنووردار لە ژمارەدا، بۆ وشەدروستکردنێك بەکاربهێنێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە یاسای لکاندنی ئەو لاگرانە بەبەرهەم نین و پەرادیگمای تەواو پێکناهێنن. نموونەکانی (٣١) و بەتایبەتیی (٣١_ج) و (٣١_ح) بۆی ڕوونکەرەوەن. کۆکردەو یاساکانی بچووککردنەوەیش باشترین نمونەن بۆ ئەم بۆچوونە[٣٠]. ئەگەر لەم خاڵەوە دەربچیین، ئەوا ڕاستیی مۆرفۆلۆژیانە پتر ئەو بۆچوونەیان بەهێزتر دەکات، کە دەبێت بەشێك لە ناوەکان سەر بەئاوەڵناو بن، چونکە نیشانەکراوی ئاوەڵناویین، نەك بە پێچەوانەوە.

پاشگرە ڕێزمانیەکانی ناسیاریی و نەناسیاریی دەچنە سەر جومگەی ناویی و دەیانکەن بە فرێزی دیاریخەر D``. لەسەرووتر هەبوونی ئەم فرێزانەو شکانەوەیان لەناو فرێزی ترداو بەپێچەوانەیشەوە خرانەڕوو. کەواتە ئاسان نییەو

[٢٩] وردەکاریەکانی ئەم بابەتە لە محەمەدی مەحویی (٢٠١١) دا دەبینیتەوە.

[٣٠] دەربارەی بێشوماریی لاگرەکانی بچووکرکردنەوەو پرۆسەکانی بڕوانە سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩) !

ناکرێت هەروا ئاسان ئەوە بچەسپێنرێت، کە گوایا ئەو پاشگرانە بە هەمان گۆکردنەوە بەناوو بە ئاوەڵناویشەوە دەلکێن.

ئێمە دەزانین، کە ئاوەڵناو ئاوەڵناویی ڕوودەدات، کاتێك لەگەڵ جومگەیەکی ناوییدا فرێزێکی خستنەپاڵیی (ناو_ی_ئاوەڵناو) بەرهەمدەهێنێت. ئەو پێزانراوە چەسپێنراوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە فرێزی ئاوەلناویی دەبێت جومگەیەکی ناویی و جومگەیەکی ئاوەڵناویی هەبێت. پێکهاتوەکانی، خراوەتەکیەکن بە دەرخراوو دەرخەرەوە (ناو_ە_ئاوەڵناو)، ئەدگاری کۆمەڵەوشەیان هەیە بەتایبەتیی و پێکهاتووی دیکەیش بەگشتیی ڕێگە بەوەدەدەن، جومگە ناوییەکەیان دەرنەبڕدرێت، ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە ڕاستیی psychological reality بێت و لەباربێت بۆ کەشفکردنەوە discoverable. شیکردنەوەی حاڵەتەکان بەم نموونانە دەستپێدەکەین:

٣٢_ا) ئەو کوڕە هات. ("کێ هات؟/کام کوڕە هات؟")

_ب) کوڕەکە/کوڕێك/ئارام/ئارامی برام هات. ("کێ هات؟")

_پ) (کوڕە) لاوەکە هات. ("کێ هات؟/کام کوڕە هات؟")

_ت) (کوڕە) لاوەکەیان هات. ("کێ/کام کوڕەیان هات؟")

_ج) کوڕێك هات، نەمدەناسیی. ("کێ هات؟")

٣٣_ا) کوڕێکی کورد/لاو/جوان هات، نەمدەناسیی. ("کێ/کوڕێکی چۆن هات؟")

_ب) کوردێك/لاوێك/جوانێك هات، نەمدەناسیی. ("کێ هات/*کوڕێکی چۆن هات؟")

_پ) (من) کوڕی ئازام خۆشدەوێت. ("کێ/کوڕی چۆن؟")

٣٤_ا) (کوڕە) کوردێك هات، نەمدەناسیی. ("کێ هات؟")

_ب) *(کوڕە) لاوێك/جوانێك هات، نەمدەناسیی.

٣٥_ا) من ئەو کوڕە دەناسم. ("کێ/کام کوڕە دەناسیت؟")

_ب) من ئەو (کوڕە) یان دەناسم. ("کامیان دەناسیت؟")

٣٦_ا) من (کوڕە) لاوەکە هەڵدەبژێرم. ("کێ/کام کوڕە هەڵدەبژێریت؟")

_ب) من لاوەکە دەناسم. ("کێ دەناسیت/کام لاوە؟")

٣٧_ا) من (کوڕە) لاوەکەیان دەناسم. ("کام کوڕەیان/کامیان دەناسیت؟")

_ب) من لاوەکەیان دەناسم. ("کامیان دەناسیت؟")

لە فرێزی خستنەتەکیەکی ئاماژەبۆکراو (٣٢_ا) و (٣٥_ا) و دیارییکراوی جیانەکراوەدا بە /_یان/ (٣٦_ا، ب) بە /کێ/ و /کام/ پرسیاردەکرێت. لە فرێزی خستنەتەکیەکیی دیارییکراوی نەناسراودا بە /کێ/ پرسیاردەکرێت. فرێزە خراوەتەکیەکە ڕێگە بە ئاوەڵناوێك نادات، ئەگەر پاشگری نەناسیاریی پێوەبێت (٣٤_ب) هەمبەر بە (٣٦).

لە فرێزی خستنەتەکیەکی دیارییکراوی جیاکراوەدا بە /_یان/ ڕێگە هەم بە ناوو هەم بە ئاوەڵناو دەدرێت، چونکە پاشگری ناسیاریی بە فرێزکەوەیە. بە وشەی پرسیاری /کامیان/ لەم فرێزانە پرسیاردەکرێت (٣٧). جومگە دەرخراوەکە دەشێت دەربڕدرێت یان نا (٣٧_ا) هەمبەر بە (٣٧_ب). لە فرێزی ناویی ڕووت، ئاوەڵناویی نەبێت و لە فرێزی دیاریخەریی ڕووت (ناسیاریی و نەناسیاریی) دا بە /کێ/ پرسیاردەکرێت (٣٢_ب). لە فرێزی خستنەپاڵیی ئاوەڵناوییدا بە /کێ/ و /چۆن/ پرسیاردەکرێت (٣٣_ا). پەسنکراوی ئاوەڵناوەکە، کە هەمیشە پاشگری نەناسیاریی /_ێك/ ی پێوەیە، ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت (٣٣_ب). ڕستەی وەك "کوردێك هات" ئاساییە، چونکە /کورد/ ناوێکەو

"کوردێك" فرێزێکی دیاریخەرییە. ڕستەی وەك "لاوێك هات" لە ڕستەیەك بە فرێزێکی خستنەپاڵەوە "کوڕێکی لاو هات" (٣٣_ا) وەرگیراوەو بە "کوڕێکی چۆن" پرسیاریلێدەکرێت.
تێبینیی "هاوبەشیی": /ە/ ی جێناوی ئاماژە (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە) و /ە/ ی فرێزی خستنەتەکیەك ڕۆڵی دیاریکەریی/دیاریکردن دەبینن (کەڕ_ە_گەنج_ەکە)، بۆیە بە /کام/ یش لە هەردوکیان پرسیاردەکرێت و بۆیە هەردوکیشیان ڕێگە بە دەرنەبڕیینی دەرخراوەکانیان دەدەن.

ئەنجام_٤): پەسنکراوی ئاوەڵناوو وشەی ئاوەڵناویی لە فرێزی خستنەپاڵیدا پێویستە دەربڕدرێت ("کوڕێکی ئازا"ن *"ئازا").

(أ) دەرخراوی دەرخەری فرێزی خراوەتەکیەك بە /ە/ ی دیاریکەرەوە یان فرێزی ئاماژە ئەگەری دەرنەبڕیینی هەیە، بەتایبەتیی، کە بە /کام/ یان /کامیان/ پرسیاردەکرێت ("کوڕە ئازاکە(یان)")[31].
(پ) دەرخراوی فرێزێکی دیارییخەر بە پاشگری نەناسیارییەوە، پێویستە دەربڕدرێت (/دەرزی درومان/).

بە پاشگری کۆ /_ان/ وشە، لە چەشنی خاوەن_ئەدگار یان پیشەیەك دروستدەکرێت و بە گشتییش دەرخراوەکانیان دەرنابڕدرێن (یانەی مامۆستایان، یەکێتی مامۆستایان، ناوشاخان، خەڵوەتگەی پیران، نەجەوانان، جوانان، ...)[32]. وەك "ناو" هەر یەك لەوانە لە ڕستەدا ڕوودەدەن. دەرنەبڕیینی /کردن/ ی /نازکردن/ یش لەو چەشنەیە. ئێمە دەزانیین، کە بەکارهێنانی سەربەخۆی ئاوەڵناو لە ڕستەدا وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی گۆدەکات و بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت. لە ڕستەی (٣٨_ب) دا وشەی پرسیاری /چی/ بۆ گشت ناوەکەی /نازکردن/ بەکاردەهێنرێت و /چیکردن/ یش تەنها بۆ بەشەپێکهێنەرە ئاوەڵناوییەکەی، نەك /چۆن/. لێکۆڵەر، ئەوەی لەلایەن هەندێك زمانەوانەوە بە بەکارهێنانی ئاوەڵناو لەبری ناو لەو ڕستانەدا ئەژمارکراوە، بە دروست نازنێت و بۆ دیاردەی دەربڕیین و دەرنەبڕیینی دەگێڕێتەوە. ئاوەڵناوی چۆنیەتیی بۆ کردەی کردارەکە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ دەرکردەکەی. لە ڕستەی "وەرزشکارەکان خێرا ڕادەکەن" دا، کردەی ڕاکردنەکە خێرایە، نەك ئەنجامەکەی، بۆیە ئاوەڵناوی /جوان/ لە ڕستەی "ئەو جوان دەنوسێت" دا، کردەی نوسیینەکە جوانە، نەك دەرکردەکەی، کە "نوسراو" ەکەیە (بەراوردیبکە لەگەڵ /خۆشنوس/ دا !). ڕستەی وەك "خەتی جوانە" جوانیی ئەنجامەکە دەگەیەنێت، کە خەت و نوسراوەکانیەتی. ئەم لێکدانەوە واتاییانە ڕستەی (٣٨_ب) "نازکردن" یش دەگرێتەوە، نەك ئەنجامەکەی. ئەگەر ئاوەڵناوی /ناز/ لە (٣٨_ب) دا بگۆڕین بۆ /خێرا/، ئەوا ڕستەکە ڕێگەپێنەدراو دەبێت (*"لەناو کچاندا خێرا باوە"). ڕستەکە کاتێك ڕێگەپێدراودەبێت، کە ئاوەڵناوەکە بکەین بەناوو بە /چی/ پرسیاریلێبکەین (لەناو کچاندا خێرایی باوە" (چی باوە ؟)). ڕوونکردنەوەی گۆکردنی ناوەکە /نازکردن، خێرایی/ پەیوەستە بە فرێزە کردارییەکەوە، چونکە لەبنەڕەتا بکەریەتی ("نازکردن/خێرایی لەناو کچاندا باوە").

٣٨_ا) هەرچییەك بۆ نەوجەوانان بکرێت کەمە.
_ب) ناز(کردن) لەناو کچاندا باوە. (چی باوە؟ ، چیکردن باوە؟)

ڕستەی وەك ئەمانەی خوارەوە دوو شییکردنەوەیان هەیە: (ا) پەسنکراوەکە دەرنەبڕدراوە یان (ب) ناوێکی نییشانەکراوی ئاوەڵناوییەو لەگەڵ پێشناودا وەك ناو خۆی نیشاندەدات. یاسابەندانە، لە حاڵەتی یەکەمدا بە /چۆن/ و

[31] بەراوردی بکە لەگەڵ محەمەدی مەحویی (٢٠١٣) و بڕوانە لاپەڕە ٤٦ ی ئەم لێکۆڵینەوەیە !
[32] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) و (٢٠١١) .

له حاڵەتی دووهەمدا به /چی/ پرسیارلێدەکرێت. هەردوو شیکردنەوەکەو ئەنجامەکانیان پەیکاڵی دەستکەوتە سەلمێنراوەکانی ئەم کارە زانستیەن. ئەوەتا فرێزی "به سیروان" یش به /کێ/ پرسیارلێکراوە (٣٩_ت).

٣٩_ا) من ئەوم بە پیاو زانی.   (تۆ ئەوت بە چی زانیی ؟)،

_ب) بەهیچی نازانم.  (بە چی نازانێت؟)

_پ) من ئەوم بە کەسێکی پیاو زانی.  (تۆ ئەوت بەچی/بەکەسێکی چۆن زانیی؟)

_ت) من تۆ بەسیروان تێگەیشتم.  (تۆ من بە کێ تێگەیشتیت ؟)

تێبینیی ئەوە بکە، کە ئەگەر وشەیەکی بەلێکسیمبووی وەك /پیاوماقووڵ/ لەبری ئەو ناوانە بەکاربهێنرێت، ئەوا هەر بە /چی/ پرسیاردەکرێت. فرێزە دیاریخەریەکەی "پیاوماقووڵێك" بە کەس دانراوەو وەك ئەمە وشەی پرسیاری /کێ/ ی بۆبەکارهێنراوە.

لەم ڕووەوە "پیاوێك" لە (٤٠_ب) داو "پیاوێکی ماقووڵ" وەکیەك مامەڵەی سینتاکسییان لەگەڵدا کراوە (کەس، کێ/).

٤٠_ا) من ئەوم بەپیاوماقووڵ دانا.   (تۆ ئەوت بەچی دانا؟)

_ب) من ئەوم بە پیاوێکی ماقووڵ دانا. (تۆ ئەوت بە چی/بە پیاوێکی چۆن دانا؟)

/بە کەسێکی چۆن دانا ؟)

_پ) من ئەوم بە پیاوماقووڵێك دانا. (تۆ ئەوت بە کێ/چی دانا؟).

_ت) بە خۆمی دادەنێم.  (بەکێی دادەنێت؟)

ناتوانرێت هیچ جومگەیەکی وشەی لێکدراو، لە هەر چەشنێك بێت، دەرنەبڕدرێت یان پرسیارلێبکرێت. هەروەها دروستەی ناوەوەیشیان بۆ سینتاکس نادیارە. ئەم ئەدگارانەی وشەی لێکدراو یەك بنەمایان هەیەو ، وەك لیستی گەنجی وشەکان، بۆ فەرهەنگ دەگەڕێتەوە.

٤١_ا) مارماسی، شارباژێر،

_ب) باڵابەرز، چاوبەڵەك،

_پ) کوڕەپاشا، پیرەمێرد.

بەپێچەوانەی وشەی لێکدراوەوە، فرێزی خراوەتەکیەك بە /ە/ ی دیاریکەرەوە، کە لە چەشنی (٤١_ب) ن ((٣٢_پ، ت)، (٣٤_ا) و (٣٦_ا))، ڕێگەدەدەن جومگە ناوییەکەیان دەرنەبڕدرێت و پرسیار لە جومگەیەکیشیان بکرێت. لەبەرئەوەی فرێزەکان دیاریکراوییان تێدایە پرسیار بە /کام/ لەو جومگەیەیان دەکرێت، کە ئاوەڵنایی بەکارهاتووەو بە /کێ/ یش لە گشت فرێزە دیاریخەرەکەی، کە بە پاشگری ناسیاریی کۆتایی هاتووە.

لە فرێزی خستنەپاڵییدا، دەبێت هەموو جومگەکان دەربڕدرێن (٣٣_ا، پ). ئەم حاڵەتە پەیکاڵی (ئەنجام_٤_ا) ە. لەو ڕستانەدا پرسیار بە /کێ/ لە گشت فرێزە خراوەپاڵیەکە دەکرێت و بە /چۆن/ یش لەو جۆمگەیەی، کە ئاوەڵناویی بەکارهاتووە (کێ/کوڕێکی چۆن). نموونەی (٣٤_ا) ڕوونکردنەوەی جیای پێویستە. ڕستەکە فرێزێکی خراوەتەکیەکی بە /ە/ ی دیاریکراوەوە تێدایەو بە پاشگری نەناسیاریی /_ێك/ کۆتاییهاتوە. دیاریکراویەکەی ڕێگە بە دەرنەبڕیینی جومگە ناوییەکەی دەدات (ئەنجام_٤_ب)، بەڵام پاشگرە نەناسیاریەکە ڕێگەی لێدەگرێت و بە /کام/ یش پرسیار لەو جومگەیەی ناکرێت (ئەنجام_٤_پ)، کە ئاوەڵناویی بەکارهاتووە. دیاریکراویەکەی ناوەوەی لە فرێزەکەدا

بڕیاردەرە، نەك نەناسیاریەکەی دەرەوەی، بۆیە لە ئاخاوتندا بە زۆریی بەبێ جومگە ناوییەکەی دەردەبڕدرێت.
مامەڵەکردنی جیاوازی یاسای دەرنەبڕیین و دەربڕیینی جومگە ناوییەکەی فرێز لە فرێزی خستنەپاڵ و فرێزی خستنەتەکیەکیدا هەبوونی دەرنەبڕیینی لەوەی دواییاندا دەسەلمێنێت. تێبینیی ئەوەیش بکە، کە لە فرێزی خستنەپاڵییدا بەگرێیەکی دیارخەرییەوە ("کوڕێکی کورد") و لە فرێزی وەك (٣٤_ا) ("کوڕەکوردێك") یشدا "نەناسیاریی" هەیە. فرێزی خستنەپاڵ بەبێ گرێی دیاریخەریی (٣٣_ا) واتای گشتیی هەیە ("کوڕی ئازا"). هەمبەر بەفرێز بە واتای نەناسیاریی یان بە واتای گشتییەوە، فرێز بە واتای ناسیاریی و دیاریکراوییەوە ("کوڕە کوردەکە"، "کوڕە ئازاکە") هەیە. ئەم تێبینیکردنە گرنگیی و ڕۆڵی نیشانەکانی [+/− گشتیی] ، [+/− دیاریکراویی] و [+/− ناسراویی] لە زمانەکەدا دەردەخات.
لە ئەنجامی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا، دەبێت بەو ڕاستییە گەیشتبین، کە ئەو لایەنانەی، پەیوەندییان بە ئاوەڵناوەوە، وەك کاتەگۆریەکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ هەیە، بەم توێژینەوانە جوانترین شییکردنەوە، ڕوونکردنەوەو پەسنکردنیان بۆدەکرێت. لەسەروو ئەوەیشەوە ڕاستیی دییکەو دیاردەی زمانیی تریشیان بۆ ڕوونکردینەوە. بەتایبەتیی بەو ئەنجامە گەیشتین، کە ئاوەڵناو بەشێك نییە لەناو. تەنانەت دەبێت بگوترێت، کە هەبوونی ناوی نیشانەکراویی ئاوەڵناویی بەهێزیی ئاوەڵناو لە زمانەکەدا دەسەلمێنێت، نەك پێەویی ناو.

### ٣/١/٢) فۆڕمەکانی بەراوردوباڵا

ئاوەڵناو پاشگری بەراوردو باڵا وەردەگرێت و دەبێت ئەمەیش لە کاتەگۆریەکانی تری وەك "ناو" ی جیابکاتەوە. چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، کە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی لەو جێکەوتانەداو پەیکاڵ لەگەڵ هەلومەرجەکانی پێشتردا لەفۆڕمی بەراوردوباڵادا بە پاشگرەکانی /_تر، _ترین/ ەوە ڕوویدەن و دەربکەون.

٤٢_ا) دەرگاکە توند دابخە ! ("دەرگاکە چۆن دابخەم!")

_ب) دەرگاکە توندتر دابخە !

٤٣_ا) بایەکەی توند/قایمکرد. ("بایەکەی چی لێکرد!")

_ب) بایەکەی توندتر/قامیترکرد. (*"بایەکەی چۆن لێکرد/ چی لێکرد؟")

_پ) بایەکی توندتر هەڵیکرد. (؟؟"بایەکی چۆن/چی تر هەڵیکرد!")

٤٤_ا) ئەو لە من ئازاترە. ("ئەو لە تۆ چیترە؟")

_ب) پیاوە ئازاترەکەیان بردیەوە. ("کێ/کام پیاوەیان؟")

ئاوەڵناوەکانی، سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی گۆدەکەن، بە چۆن پرسیاریان لێدەکرێت (٤٢_ا، ب). ئاوەڵناو وەك بەشەپێکهێنەرێکی کرداری لێکدراو بە /چی/~ /چۆن/پرسیاریلێدەکرێت (٤٣_ا، ب). ئاوەڵناوی فرێزی خستنەپاڵ وشەی پرسیاری /چۆن/ ی بۆبەکاردەهێنرێت (٤٤ _ا). خراوەتەکیەك بە /ە/ ی دیاریکراوەوە پاشگری /_ەکە/ و /_یان/ ی جیاکەرەوەی پێوەیە، بۆیە بە /کام/ پرسیاریلێدەکرێت (٤٤_ب). پاشگری جیاکەرەوە (بڕوانە "من یان تۆ") ناوەڕۆکی بەراوردکرنەکە دەردەبڕێت، چونکە بەراوردکراوەکانی تر (پیاوەکانی، نەیانبردۆتەوە) دەرنەبڕدراون. لە کردابەندییدا بە /چی/ و بە /چۆن/ یش پرسیار لە فۆڕمەکانی بەراوردوباڵا دەکرێت.
فۆڕمی باڵاترین بە پاشگری /_ترین/ ەوە لەپێش پەسنکراوەکەیەوە دەردەکەوێت و بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت (٤٥_ا). ئەگەر پەسنکراوەکە پاشگری نەناسیاریی پێوەبوو، ئەوا دروستەی فرێزە خستنەپاڵیەکە (فۆڕمی باڵاترین+فرێزی دیاریخەریی/ناسیاریی) ناگۆڕێت (٤٥_ا). خۆ ئەگەر پەسنکراوەکە بەبێ پاشگری دیاریخەریی بوو،

واتە ناوێکی ئاسایی بوو، ئەوا لە پرسیارکردندا پەسنکراوەکە/ناوەکەو فۆڕمی باڵاترینەکە پێشوپاشدەخرێن (٤٥_ب). /قایمکردن/ واتای ئیدیەمیی (شاردنەوە، چەسپاندن) یشی هەیە. لە ئاوەڵناوەکەیشیدا /قایم/ (توند/تییژ/خێرا، پتەو، چەسپاو، هەلگرتن/شاردنەوە، ...) ئەو واتا ئیدیەمیانە، لەتەك واتا فەرهەنگیەکەیەوە هەن، بەڵام کارناکەنە سەر شییکردنەوەو ئەنجامەکان.

٤٥_ا) قایمترین دەرگایەکم بۆبکڕە. ("چی/چۆن دەرگایەك؟")

_ب) قایمترین ڕەشەبا هەڵیکرد. ("چی/*ڕەشەبای چۆن؟")

٤٦_ا) کوڕەکەی من زیرەکترین قوتابییە. ("چییە/چۆنە؟")

_ب) کوڕەکەی من زیرەکترین قوتابی پۆلەکەیە. ("چییە/چۆنە؟")

_پ) کوڕەکەی من زیرەکترین (قوتابی_) یانە. ("زیرەکترین چییانە/چۆنە؟")

ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی لەبارە بۆ بەراوردکردن، بۆیە ئەو ڕودان و دەرکەوتنانەی ئاوەڵناوی (٤٢_٤٦) هەیە. دیارە کە چڕیی ناوەنیشانەکراوەکان جیاوازن و ڕێژەی بەکارهێنانەکانیشان جیاوازن. ئەم بابەتەیان لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو جیای پێویستە. لەو نمونانەدا، کە فۆڕمی باڵاترین و جومگەکەی دوای خۆی پێکهاتوویەکی خراوەتەکیەك پێکدەهێنن، بە /چی/ پرسیار لە فرێزە تەواوەکە (٤٧_خ، غ) یان لە جومگەکەی دواوەی دەکرێت (٤٧_چ، ح).

لە کرداربەندیدا وشەی پرسیاری /چی/ هەیە (٤٧_ت، غ). لە فرێزی خستنەپاڵییدا /چۆن/ بۆ پرسیارکردن بەکاردەهێنرێت (٤٧_پ). وەك بەشەپێکهێنەرێکی کرداری لێکدراو، بە /چی/ پرسیاردەکرێت (٤٧_ب). لە بەکارهێنانی سەربەخۆی ئاوەڵناودا لە ڕستەدا مامەڵەمان لەگەڵ ئاوەڵناوی چۆنیەتیدایەو بە /چۆن/ پرسیاردەکرێت (٤٧_ا). داتاکان یەك ڕوونکردنەوەو پەسنکردنیان هەیە، ئیتر گرنگ نییە ئاوەڵناو یان ئاوەڵناو_ئاسا لە ئارادایە یان ئەو دوانە لە فۆڕمی بەراوردوباڵادان یان نا. لێکۆڵەریش هەر چاوەڕێی ئەم ئەنجامەی کردووە.

٤٧_ا) دەرگاکە پیاوانە دابخە ! ("چۆنی دابخەم؟")

_ب) خۆی کەرتر کرد. ("خۆی چی تر کرد؟")

_پ) پیاوێکی کەرتر خۆیکرد بە ژووردا. ("پیاوێکی چۆن؟")

_ت) سیروان لە شیروان مامۆستاترە/پیاوترە/ کەرترە. ("چی ترە؟")

_ج) پیاوە کەرترەکەیان هاوڕێتە. ("کام پیاوەیان؟")

_چ) تۆ کەرترین پیاوت کردە هاوڕێم. ("چی/کەرترین چی؟")

_ح) کەرترین پیاو دراوسێمانە. ("کێ/کەرترین چی؟")

_خ) سیروان کەرترین دراوسێتانە. ("چیتانە؟")

_غ) کەرترین پیاوی گەڕەکە. ("چی گەڕەکە؟")

هەندێك ئاوەڵکردار، لە چەشنی ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوییش هەندێك لە ڕوودان و دەرکەوتنەکانی ئاوەڵناوی هەیە (بڕوانە "کرداربەندیی" !)[٣٣]: ئاساییە، کە لە دروستەی کرداربەندییدا بە /چی/ پرسیار لە فۆڕمە بەراوردوباڵاکە بکرێت (٤٨_ا). بۆ ئەم حاڵەتەیان بڕوانە "کرداربەندیی" ! ئاوەڵکردار، کاتێك سەربەخۆ لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێت، وەك ئاوەڵکردا گۆدەکات و بە /کەی/ پرسیارلێدەکرێت (٤٨_ب). (٤٨_پ) شییکردنەوەی وەك (٤٧_چ، ح) ی بۆدەکرێت: بە /چی، چ/ پرسیار لە فۆڕمە باڵاترینەکە دەکرێت و بە /کەی/ یش لەگشت فرێزە خراوەتەکیەکەکە.

---

[٣٣] ئاوەڵکردار لە زمانی کوردییدا لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆدا پێشکەشدەکرێت.

٤٨_ا) هێشتا هەر زووترە/درەنگترە لە کاتی خۆی.   ("چییە؟")

_ب) ئێمە زووتر لە ئێوە گەیشتین.   ("کەی؟")

_پ) ئێمە بە زووترین کات دەگەین.   ("چ کاتێك/کەی؟")

لەگەڵ پاشگری بەراوردو باڵادا (/_تر، _ترین/)، ناوو هەندێك ئاوەڵکرداری دیاریکراو دەبنە ئاوەڵناو_ئاسا. بەواتایەکی تر، جێکەوتەی سینتاکسیی دەبێتەهۆی ئەوەی پۆلەڕەگەزە نیشانەکراوەکان ئەگەری ئەوەیان هەبێت وەك ئاوەڵناو بەکاربهێنرێن و فۆڕمی باڵاوبەراوردیشیان پێبدرێت:

٤٩_ا) جوان_تر،   ("چی تر؟")

_ب) کەسێکی پیاو_تر/مامۆستا_تر/کورد_تر،   ("کەسێکی چۆن؟")

_پ) کاتێکی زوو_تر/درەگ_تر/دێر_تر.   ("کەی؟")

ئەنجام_٥: ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی ڕوودان و دەرکەوتنی ئاوەڵناو_ئاسای لەو جێکەوتە سینتاکسیاتانەدا هەیە، کە ئاوەڵناو تیایاندا گۆدەکات. فۆڕمی بەراوردو باڵای ئاوەڵناوو ناوە ئاوەڵناوییەکان بە پاشگری /_تر، _ترین/ ەوە لەو جێکەوتانەداو بەپێی مەرجەکانی ڕوودان و گۆکردنەکانی ئاوەڵناو/ئاوەڵکردار چاوەڕێکراوە.

**٢/٢) ئایا وشەکانی /زوو، درەنگ/ ئاوەڵناون ؟**

لە سەرچاوە کوردیەکاندا دڵنیانەبوون لە پۆلێنکردنی وشەکانی /زوو، درەنگ/ دا بەدیدەکرێت. ئەو وشانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەپێی شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەکانی، خراونەتە ناو خانەی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵکرداری کاتەوە. هەر وەك بینیمان، ناوو ئاوەڵناو لەڕووی سینتاکسییەوە لەیەکجیادەکرێنەوە. ناو، بەدەر لەناوی نیشانەکراو، ناتوانێت هەموو ئەو گۆکردنە ڕێزمانیانەی هەبێت، کە ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردییدا جێبەجێیاندەکات. ئێستایش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری "ئایا وشەکانی /زوو، درەنگ/ ئاوەڵناون یان ئاوەڵکردار؟" هەندێك پرۆسەو دیاردەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی پەیوەستدار بە پرسیارو بابەتەکەوە شییدەکرێنەوە:

ئاوەڵناو پاشگرەکانی /_یی/ و /_ایی/ لە ئاوەڵناوخستن وەردەگرێت و دەرکردەکەی "ناو" ێك دەبێت (/جوان_یی، بەرزایی، .../). وشەکانی /زوو، درەنگ/ پەیوەست بەم پرۆسەیەوە لەوەدا جیاوازن، کە تەنها ئەوەی پێشەوەیان پاشگری /_یی/ وەردەگرێت (ا). فۆڕمە نوێکەی، بەپێچەوانەی /جوانیی/ ەوە، تەنها لە فرێزی پێشناوییدا ڕوودەدات و دەردەکەوێت و سەربەخۆ لە ڕستەدا ڕوودان و دەرکەوتنی نییە. وشەکانی /زوو، درەنگ، بەڵام/ پاشگری /_ان/) یان پێوەدەلکێنرێت:

٥٠_ا) بە زویی، بەم زوانە،

_ب) بەم درەنگانە، درەنگانێك.

جیاوازیی لەو پرۆسەمۆرفۆلۆژیانەی وشەدروستکردندا بە بناغەیەکی ئاوەڵناویی یان بە یەکێك لە وشەکانی /زوو، درەنگ/ ەوە ئاماژەیەکی بەهێزن بۆئەوەی، کە دەبێت ئەم وشانە سەر بە پۆلەڕگەزی ئاوەڵناو نەبن، بەڵکو لە خانەی پۆلەڕەگەزێکی تری وەك ئاوەڵکرداردا بن. بۆیە ناشێت لە کاتەگۆریی "ناو" بن، چونکە پاشگری کۆو پاشگرەگانی دیاریخەری ناسیاریی و نەناسیاریی وەرناگرن، کە تایبەتن بە ناو. کەواتە لە هیچ بارێکدا گۆکردنی فرێزێکی بکەریی یان بەرکارییان نابێت.

ڕاستیی سینتاکسیی: هەر دوو وشەکە لە ڕستەدا سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن و وەك ئاوەڵکرداری کاتیی گۆدەکەن، بۆیە بە /کەی/ پرسیاریانلێدەکرێت، نەك بە /چۆن/. ئاوەڵناوی کراو بەناو لە فرێزی پێشناوییدا وەك ئاوەڵکردار بەکاردەهێنرێت (٥٣).

٥١_ میوانەکان زوو/درەنگ گەیشتن. ("کەی گەیشتن؟")

٥٢_ا) پرشنگ خێرا نامەکەی نوسیی و دەستبەجێ بردی بۆ پۆست.

_ب) پرشنگ چۆن نامەکەی نوسیی و کەی بردی بۆ پۆست ؟

٥٣_ شیرین بە خێرایی گەیشتە لامان. ("چۆن گەیشتە لاتان؟")

ئاوەڵکردار لە فرێزی خستنەپاڵییدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەم جێکەتە بنەڕەتیەی ئاوەڵناودا، هەر ئاوەڵکرداریی خۆی دەپارێزێت، وەك خۆی گۆدەکات و بە /کەی/ بۆ کات و بە /کوێ/ بۆ شوێن پرسیاریلێدەکرێت، نەك بە /چۆن/. لێکۆڵەر بە ئاگایە لەوەی، کە ئەم تایبەتمەندییەی ئاوەڵکردار، ڕێگەی لەوە نەگرتووە ئاوەڵناو وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی بەکاربهێنرێت. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە وشەکانی /زوو، درەنگ/ یش وەك ئاوەڵکردارەکان لە فرێزی خستنەپاڵییدا ڕوودەدەن، دەردەکەون وەك ئاوەڵکردار گۆدەکەن و بە /کەی/ پرسیاریان لێدەکرێت. ئەم ڕاستییەیان ئەوە ئاشکرادەکات، کە دەبێت ئەم وشانە لە بنەڕەتدا/لە فەرهەنگدا ئاوەڵکردار بن، نەك ئاوەڵناو.

٥٤_ا) کتێبەکەی ئەوێ/ئەویانە بە کوردیی نوسراوە.("کتێبەکەی کوێ؟/کام کتێبە؟)

_ب) سلێمانی ئەوسا خۆشتربوو. ("سلێمانی کەی؟")

_پ) گەشتەکەی ئەمساڵمان خۆشتربوو لەوەی پار. ("کام گەشتەیان خۆشتربوو؟")

٥٥_ا) نەوازاد بەیانی_زوو/سەرلەبەیانی گەیشت.

("کەی گەیشت/*بەیانی کەی گەیشت ؟")

(*"کەی زوو دەگات")

_ب) نەوزاد بەیانی، زوو دەگات. ("بەیانی، کەی دەگات؟")

("کەی، زوو دەگات؟")

لە (٥٥_ا) دا، "بەیانی_زوو" گرێیەکی خراوەتەکیەکەو کاتەگۆریەکی سینتاکسییە. لەبەرئەوەی فرێزێکی خراوەپاڵیەك نییە، دروستەی ناوەوەی بۆ سینتاکس نادیارەو ناتوانرێت پرسیار لە جومگەیەکی (جومگە ناوییەکەی /بەیانی/ یان جومگە ئاوەڵکردارییەکەی /زوو/) بکرێت. گرنگ بۆ ئێمە ئەوەیە، کە ناوی کاتەکە (/بەیانی/) ناتوانرێت دەرنەبردرێت و کە فرێزەکەیش (بەیانی_زوو/) پاشگری بەراوردوباڵا وەرناگرێت. پرسیارە ڕێگەپێنەدراوەکانی (٥٥_ا) نە فۆڕمدروستن و نە واتاڕاستن. لەم نموونەیەدا /بەیانی/ واتای (٦_١٢) ی نیوەڕۆی هەیە.

لە (٥٥_ب) دا /بەیانی/ واتای (ڕۆژی دوای ئەمڕۆ) ی هەیە. لەم ڕستەیەدا، نەوزاد بەیانی یان ڕۆژی دواتر دەگات، بەڵام زوو دەگات. ئەم ڕاستییەو دەربڕینەکانی بەو دروستانەوە، ڕێگە بەوە دەدەن، پرسیار لە گشت فرێزەکە یان لە هەر جومگەیەك لە جومگەکانی فرێزەکەی بکرێت. لە زمانی نوسییندا بۆ "بەیانی_زوو" داشێك لەنێوان جومگەکانیدا لە (٥٤) داو بۆ "بەیانی، زوو" لە (٥٥) دا کۆماوەیەك بەکارهێنراوە. لە فرێزی یەکەمدا پشوو لە دەربڕییندا نییە، بەڵام لە فرێزەکانی دووهەمدا پشوویەك لەنێوان "بەیانی" و "زوو" دا هەیە.

ئاوەڵکردارو فۆڕمی بەراوردوباڵا: پرۆسەی بەراوردکردن تایبەتە بە ئاوەڵناو. فرێز بە وشەکانی /زوو، درەنگ/ ەوە پاشگری بەراوردو باڵا وەردەگرن و ئەمەیش سەری لە زمانەوانە کوردەکان شێواندووە، بۆیە ئەمیشیان وەك بەڵگەیەك بۆ ئەوە هێناوەتەوە، کە دەبێت "ئاوەڵناو" بن. شیکردنەوەکان، بەڵام پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن:

پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو پلەدارەو فۆڕمی بەراوردو باڵای هەیە. ئاوەڵکرداری پلەداریش بەپێی هەندێك مەرج دەشێت لە فۆڕمی بەراوردو باڵادا دەربکەوێت.

لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدایە، لە فرێزی خستنەپاڵییدا بەناوێکی کاتییەوە، کە /زوو، درەنگ/ دەتوانن فۆڕمی بەراوردو باڵایان هەبێت. لە کاتێکدا دەربڕینی ناوەکە لە پێکهاتووی بەراورددا سەرپشکییەو بە گشتیی دەرنابڕدرێت، ناتوانرێت ئەمە لە پێکهاتووی باڵاترییندا دەرنەبڕدرێت. پێڕەوەکە ئامادەبوونی ناوە کاتییەکە لە حاڵەتی بەراودکردنەکەیشدا دەسەلمێنێت. بەم جۆرە دەبێت ناوێك ("کاتێك") یش بۆ "زووتر" هەبێت، ئیتر گرنگ نییە، ئەگەر بە فۆنەیتیکیی بەرجەستەکرابێت یان نا.

٥٦_ا) ئازاد (کاتێکی) زووتر/درەنگتر گەیشت لە تۆ. (کەی گیشت ؟)

_ب) ئازاد زوترین کات گەیشت. (کەی گەیشت؟)

_پ) *ئازاد زوترین گەیشت

دەبێت ئەوە بۆ خوێنەر ئاشکرابێت، کە /زوو، درەنگ/ وەك ئاوەڵکرداری کات، خۆیان سەربەخۆ لە جێکەوتەی خۆیاندا گۆدەکەن و کە ئەم ئاوەڵکردارە تەنهایە فۆڕمی بەرواردوباڵای نییە (ب). لەم بارەدا نەجومگەی هەمبەر ("لەکێ") بۆ بەراوردکردن لە ڕستەکەدا هەیەو نە ناوێکی کات. "ئازاد" پەیوەست بە کام کاتەوە زووتر گەیشتووە؟

٥٧_ا) ئازاد زوو/درەنگ گەیشت. (کەی گەیشت ؟)

_ب) *ئازاد زووتر/درەنگتر گەیشت

_پ) شوانە (کاتێکی) زووتر گەیشت، وەك لەوەی چاوەڕێدەکرا.

لەو ڕستانەدا، کە فرێزەکە بە پاشگری نەناسیاریی یان وشەژمارەیەکەوە بەندە، پرسیار لە گشت فرێزەکە یان لە وشەژمارەکە دەکرێت. بەبێ فرێزی "یەك ڕۆژ" یان "ڕۆژێك" ڕستەکە فۆڕم_نادروست دەبێت و ڕێگەپێنادرێت.

٥٨_ا) نەوزاد ڕۆژێك زووتر لە من گەیشت. (نەوزاد کەی گەیشت ؟)

_ب) نەوزاد یەك ڕۆژ زووتر لە من گەیشت. (نەوزاد چەند ڕۆژ زووتر لەتۆ گەیشت ؟)

دەبێت لەگەڵ ئاوەڵکرداری پلەداردا بتوانرێت وشەی /زۆر، گەلێك/ یش بەکاربهێنرێت. ئەمەیش ڕاستەو سەری لە زمانەوانەکان تێکداوە، چونکە وەك ئەو زمانەوانانە چاوەڕێدەکەن، دەبێت /زۆر، گەلێك/ تەنها لەگەڵ ئاوەڵناودا بەکاربهێنرێت. کاتێك ئەمانە بەکاردەهێنرێن، دەبێت کاتە سەرکیەکە (دەرخراوەکە) ئامادەبێت (ا)، دەنا ناتوانرێن بەکاربهێنرێن (ب).

٥٩_ا) نەوزاد (دوێنێ)، زۆر زوو گەیشت. (کەی/دوێنێ کەی گەیشت)

_ب)*نەوزاد زۆر دوێنێ زوو

٦٠_ا) نەوزاد بەیانی، زۆر زوو گەیشت. (نەوزاد بەیانی، کەی گەیشت؟)

_ب)* نەوزاد زۆر بەیانی_زوو گەیشت

_پ)* نەوزاد بەیانی_زۆر_زوو گەیشت

پێدەچێت فرێزی ئاوەڵناویی خستنەتەکیەک نەبێت (*"ڕۆژێك خراپتر" : "ڕۆژێکی (لەمڕۆ) خراپتر"). بە پێچەوانەوە، فرێزی ئاوەڵکرداریی خراوەتەکیەک ("ڕۆژێك زووتر" گەیشتم" : "ڕۆژێکی زووتر لەوەی تۆ دەیڵێت، من گەیشتم") هەیە. لە هەردوو حاڵەتەکەی فرێزە ئاوەڵکرداریەکەدا ناوێکی کات ئامادەیە ("ڕۆژێك") و ئاوەڵکردارەکە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدایە.

دەربڕاوی وشەیی وەك /بەیانی_زوو/ فۆڕمی بەراوردوباڵای لێدروستناکرێت. وشەکانی /ئەمڕۆ، سبەینێ، دوێنێ .../ ناوی ڕۆژەکانی هەفتەن. پەیوەندیی /ڕۆژ/ و ئەو ناوانە لە چەشنی کۆمەڵەوشە_پێکەوەهاتووەکانە. واتا، دەشێت ناوەکە لە (٦١_ا) و (٦١_ب) دەرنەبردرێت. فۆڕمی بەراوردو باڵای (٦١_ب) لە کرداربەندییدایە، بۆیە ناوێکی کاتیی نییەو بە /چیتر/ پرسیارلێدەکرێت.

٦١_ا) ڕۆژێکی خراپتر لە (ڕۆژی) ئەمڕۆ بۆ ئەو کارە نابەجێتر_نەبووە.

_ب) ڕۆژێك، لە (ڕۆژی) ئەمڕۆ بۆ ئەو کارە خراپتر/درەنگتر_نەبووە

_پ)*ڕۆژێك، لەمڕۆ خراپتر/درەنگتر نەبووە

ئەنجام_٦: بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەندێك ئاوەڵکرداری دیاریکراو لە فرێزی خستنەپاڵیی و خستنتەکیەکدا بە ناوێکی کاتەوە ڕێگە بۆ ئەوە فەراهەمدەکات، فرێزەکە فۆڕمی بەراوردو باڵای هەبێت.

تێبینیی: پرۆسەکانی دەرنەبریین و بەجێهێشتنی جێناوێك لە جێکەوتەی وشەی گوێزراوەی ناو ڕستەی سەرجێناویی و پرسیاردا، گرفتی زۆری بۆ ئەو کوردانە دروستکردووە، کە زمانێکی ئەوروپیی وەك زمانی ئەڵمانیی یان ئینگلیزیی فێردەبن. هەڵەکردنی کوردەکان لەو حاڵەتانەدا، کە ئەگەری دەرنەبڕینی جومگەیەك لە زمانی کوردییدا هەیەو ئەوانیش بە یەکێك لەو زمانانە دەدوێن، ئاشکرایەو زۆر جاریش بۆتەهۆی لەیەکنەگەیشتن. لەبەرئەوەیشە، کە گەلێك جار پرسیاری وەك "کەی زۆر زوو گەیشت؟"، "مەبەستت ئەمڕۆیە یان دوێنێ؟" لە دەمەتەقێکاندا لەلایەن گوێگرە ئەڵمانەکانەوە لە قسەکەرە کوردەکان دەکرێت (بڕوانە (ا)!).

**بەشی سێهەم**

**واتاو ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان**

**١/٣) ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە**

لە هەر پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگییدا بیر یان واتا هەڵگیراوە[٣٤]. بیرو واتاکان پەیوندی توندوتۆڵیان بە کاتەگۆریەکانەوە هەیە: هەر یەکەیان بیرو واتای تایبەت بەخۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە. ئەوەتا کردار بە زۆریی ڕوداوو چالاکیی دەردەبڕێت (/ڕۆشتن، شکاندن، خواردن، .../). ئەو وشانەی، ئاوەڵناون، زۆرتر ئاکاری character پەسنەکەرانەیان هەیە (١/٢) (/خێرا، توند، بچکۆلە، کەر، ژیر، گەرم، بەرز، دڵتەنگ، .../). هەندێك ئاوەڵناو، پەیوەست بە تایبەتمەندیی چشت و ڕوداوەکانەوە، هەم ئاکاریی character و هەم ئەدگاریی feature, specification خۆیان دەنوێنن. واتا_ئەدگاریەکەی وشەی /مەرد/ (نێر/پیاو) و واتا_ئاکارییەکەی (ئازایەتیی)

[٣٤] محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠٩_ب) لەگەڵ محەمەدی مەحوی (٢٠٠٦) دا بەراوردبکە !

یە. /پیاو/ ئەدگاری (پیاوی چاکەکەر) و ئاکاری (مەردو ئازا) ی هەیە (لەو دوو ڕووەوە لەگەڵ وشەی /کەر/ (بێمێشك) دا بەراوردیانبکە !).

لەو ڕاستیانەوەیە، کە دەزانرێت ئاوەڵناو تایبەتمەندیی چالاکیی و چێشت وەك ئەدگارو ئاکار پەسندەکات. دیارە، وشەکانی ڕەنگیش بەهەمان شێوە (/زەرد، سوور/ هەمبەر بە /زەردهەلگەران، سوربونەوە/).

ژمارەیەکی بەبەرچاوەوە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی هەن (١/٢)، کە بۆ پەسنکردنن. وشەکانی /کەر، پیاو، .../ لەو ناوە نیشانەکراوانەن. دەنا ئەو وشانەی، کە بۆ ناولێنانن یان کەسوکارو خزمایەتیین یان شمەك دەگەیەنن، لە پۆلەڕەگەزی ناون (/دار، بەرد، گەڵا، باوك، برا، پوور، .../). پێدەچێت، ناوی لێکدراوو هەڵگوێزراوی بەلێکسێم_بوو لە زمانی کوردییدا زۆرتر بێت لە ناوی بنەڕەتیی یەك_مۆرفێمیی. گرنگتر لە شامەرجی/کریتێری ژمارەییان، بەڵام فرەجاریی گۆکردنی وەکیەکیانە لە زمانەکەدا[٣٥]. ئەم تێبینیکردنە بۆ ئاوەڵناویش هەمان چێشت بوو.

هاوشانی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکانی ناوو ئاوەڵناو، ئاوەڵکرداریش گەنجی وشەی بنەڕەتیی و دروستکراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کە گۆکردنی وەکیەکیان هەیە. پەیوەست بە تافەوە بە گشتیی و بە شوێنەوە بەتایبەتیی، ڕادەو ڕێژەی گۆکردنی ئاوەڵکردار دیارو لەبەرچاوە. ئەوەتا، هەر وەك چۆن ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی هەیە، ناوی کات و ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵکرداریش/تافییش هەیە. هەبوونی ناوی نیشانەکراو بۆ ئاوەڵناوو بۆ ئاوەڵکردار پێڕەوبەندانەیەو دیاردەیەکی ڕێکەوت یان تاکوتەرا نییە[٣٦].

پرسیارەکانی "ئایا زمانی کوردیی ئاوەڵناوی هەیە؟" و "ئایا زمانی کوردیی ئاوەڵناوییە؟" تا ڕادەیەکی باش لە (١/٢_٢) دا ڕوونکرانەوە. محمد معروف فتاح (٢٠١٠) پشت بەو زانیاریە دەبەستێت، کە هەموو زمانەکان ئاوەڵناویان نییە[٣٧]و هەوڵدەدات بیسەلمێنێت، کە زمانەکە لە کاتەگۆری ئاوەڵناودا هەژارەو تەنانەت کە ئاوەڵناوی نییە. بیرو واتاکان پێڕەوبەندانە لە چوارچێوەی پێڕەوی وشەکاندا بەسەر پۆلەرگەزەکاندا دابەشبوون. لەناویاندا، ئاوەڵناو چەند بیرو واتایەکی دیاریکراو دەردەبڕێت، کە دەبێت ژمارەیان (٧) بێت[٣٨]:

١_ بیرو واتای بارستایی: گەورە، بچووك، بچکۆلە، درێژ، درێژداهۆڵ، کورت، کورتەبنە، پان، تەسك، تەسکوتروسك، دەڵب، کەتە، چوارشانە، زەبەلاح، ...

٢_ بیرو واتای ڕەنگ: ڕەش، سپی، سوور، سەوز، زەرد، قاوەیی، پرتەقاڵیی، ...

٣_ بیرو واتای ڕواڵەتی چێشت: ئاوەڵناوی ڕواڵەتیی بەزۆریی تایبەتمەندیی (چێشت) پەسندەکەن/دەردەخەن: ڕەق، نەرم، گەرم، خۆش، ناخۆش، سارد، تاڵ، ترش، شیرین، مزر، تفت، توون، تیژ، قورس، سووك، گران، هەرزان، ساف، زبر، سفت، شاش، ڕاست، خوار، لار، لێژ، لەڕ، لاواز، زەعیف، قەڵەو، چاك، خراپ، جوان، کۆن، نوێ، شۆخ، شەنگ، سەرەولێژ، ڕەزاتاڵ، ڕەزاشیرین، بەدەم، بەغیرەت، بەتوانا، بەدەست، ئازا، ترسنۆك، ... هەندێکیان بەواتای خوازەییەوە بۆ مرۆڤ بوونەتە لێکسێمی سەربخۆ (پیاو، چاك، ...). وشەی /چاك/ ئاوەڵناوی ڕواڵەتە، نەك /باش/، کە بۆ پلەیە (نایاب، زۆر باش، باش، پەسەند)، بەڵام لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا لەگەڵ پەسنکراوێکدا وەك ئاوەڵناوی ڕواڵەت دەردەکەوێت. بەم پێیە، ڕستەکانی "کوڕێکی زۆر چاکە" و "کوڕێکی زۆر باشە" هاوواتا نین، هەروەك چۆن "چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە" ڕێگەپێدراوەو *"باشەبکەو بیدە بەدەم ئاوەوە" ناگوترێت.

٤_ بیرو واتای ئاوەزیی کەسیی لە مرۆڤ و گیانداردا: ژیر، زیرە، تووڕە، ئاقڵ، تەمەڵ، ...

---

[٣٥] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩_ا).

[٣٦] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣)!

[٣٧] Dixon (1971).

[٣٨] محمد معروف فتاح (٢٠١٠)، واتە Dixon (1977)!

٥_ بیرو واتای جووڵە/خێرایی: خێرا، لەسەرخۆ، توند، تیژ،

٦_ بیرو واتای تەمەن: پیر، گەنج، لاو، ساوا، ...

٧_ بیرو واتای نرخ و بەها: هەرزان، گران، بەبەها، ...

هەروەك چۆن هەندێك لەو بیرو واتایانە لە زمانەکاندا بەسەر هەمان کاتەگۆرییدا دابەشنەبوون، ئاساییشە گەر لە زمانی کوردییدا بیرو واتایەك بە کاتەگۆرییەك دەربڕدرێت و لە زمانێکی دیکەدا بە کاتەگۆرییەکی تر یان لە زمانێکدا بە وشەیەکی بنەڕەتیی و لە زمانی کوردییدا بە وشەیەکی فرەمۆرفیم بەرجەستەبکرێت. هەر لەم چێوەیەداو بەگوێرەی ئەو ئەگەرانە، ئاساییە، کە هەندێك ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناویی ئەو بیرو واتایانەیان تێدابێت، کە لە زمانەکانی تردا بە کاتەگۆری ئاوەڵناو دەردەبڕدرێن.

ژمارەیەکی گەلێك زۆر لە بیرو بوارە واتاییەکان بە ئاوەڵنای بنەڕەتیی (یەك_مۆرفیمیی) دەرنابڕدرێن، بەڵکو پەیکاڵ لەگەڵ مۆدێلی ڕێزمان و تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردییدا، بە وشەی فرەمۆرفیمی دەهێنرێنەدیێن. زۆریی و کەمیی ژمارەی ئاوەڵناو لە فۆڕمی وشەی سادەی یەك_مۆرفیمیی، لە ڕووی دیاخرۆنییەوە ڕەنگە گرنگ بێت، نەك لەڕووی سینکرۆنییەوە، بۆئەوەی بڕیار لەسەرئەوە بدرێت، ئەگەر زمانێك لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناودا هەژار بێت یان نا. بڕیاردەر بۆ ئەو مەبەستە ژمارەی لێکسێم و بە لێکسێمبووەکانین لەگەڵ ئەو بوارە بیریی و واتاییانەی، کە بە ئاوەڵناوەکان داپاندەپۆشن و زۆریی و فرەجاریی گۆکردنەکانیانن (بەجێهێنانی ئەرکیانن) لە زمانەکەدا. گەر لە ئاوەڵناوی بنەڕەتیی و مۆرفۆلۆژیانەی کوردیی وردبینەوە، ئەوا گشتیان ئەو مەرجانەی کۆتایی، تا ڕادەیەکی زۆر، وەکیەك بەجێدەهێنن. ئەمەیش بۆ ئەو ئاوەڵناوانە دەخوات، کە لە ئایندەدا بە پرۆسەی وشەدروستکردن دێنەبەرهەم.

نمونەکانی، کە لە (١_٧) دا هێنراونەتەوە، نیشانیدەدەن، کە زمانەکە زۆر یان کەم لەو (٧) بیرو واتایە ئاوەڵناوەکانی هەڵبژاردووە. وردتر بڵێین، زمانەکە لەو چوارچێوەیە دەرنەچووەو هەموو ئەو جۆرانەی ئاوەڵناویشی هەیە، ئیتر گرنگ نییە، گەر لە ژمارەدا جیاوازیش بن. گرنگ لەم حاڵەتەیاندا ڕادەو ڕێژەی گۆکردنی هەر چەشنێکیانە لەناو زمانەکدا لەگەڵ چۆنیەتیی بەکارهێنانەکانیان. هەموو ئاوەڵناوەکان ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن، بەڵام گشتیان سەربەخۆ وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی ڕوونادەن و دەرناکەون. دەشێت کەمیی و زۆریی لە ژمارەیاندا بە کولتوورەوە بەندبێت: حوشتر لە کولتووری عارەبدا گرنگە، بۆیە چەندین ناویان بۆی هەیە. شاخ بۆ کورد گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، بۆیە نەك هەر چەند ناوێکی بۆی داناوە، بەڵکو لە لوتکەیشەوە بۆ دامێن، دەیان بەشی جیاکردۆتەوەو ناوی بۆ هەر یەکەیشیان داناوە. ئاوەڵناوەکانی، کە بیرو واتای ڕواڵەت دەردەبڕن، لە ژمارەدا لە ئاوەڵناوەکانی دیکە زۆرترە. ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆئەوەی، کە دەبێت بیرو واتای ئاوەڵناوی "ڕواڵەت" بۆ ئاخێوەرانی لە چەشنەکانی دیکەی بیرو واتای ئاوەڵناو گرنگتر بێت. لەم پارەدا تەنها لە شێوەی تێبینییدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەکی سینتاکسیی ئاوەڵناوە سادەو بنەڕەتیەکان لەگەڵ ئاوەڵناوە فرەمۆرفیمیەکان دەدرێت و خوێنەر دەتوانێت وردەکاریی لە محمد معروف فتاح (٢٠١٠) دا بخوێنێتەوە. ئەوەی لێرەیشدا نوێیە، ئەوەیە کە هەردوو فۆڕمەکە (سادەو فرەمۆرفیمیی) خاوەنی هەمان تایبەتمەندیین:

ا_ بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لە کاتەگۆریی فەرهەنگیی دیکەوە دروستدەکرێن، (ب) بە پێشگرو پاشگرلکاندن دەکرێن بەناوو (پ) گۆکردنیان لەیەکەوە نزدیکە:

٨_ ڕەنگ: پرتەقاڵ_یی، قاوە_یی، سورمە_یی، بەڵام

ڕەش_یی، زەرد_یی : *سپی_یی، قاوەیی_یی،

زەردوسوور، سووروسپیی،

٩_ ڕواڵەت: شلە_تێن، مامناوەند_یی، نە_خۆش، نا_خۆش، نا_دیار،

١٠_ ئاوەزیی: هەڵچ_وو، بێمێشك،

١١_ جووڵە/خێرایی: لەسەرخۆ، تیژڕەو،

١٢_ نرخ و بەها: بێنرخ، بەبەها، بەنرخ.

لەرووی مۆرفۆلۆژییەوە، بە پاشگری /_یی/ (بەرزیی، نزمیی، کورتیی، سەربەرزیی، خواپەرستیی، نەفامیی، گەورەیی، سوریی، زەردیی، سورکەلەیی، سپیکەلەیی، .../ دروستدەکرێن، بەڵام هەندێکی دیکەیان بە پاشگری /_ایی/ یش (بەرز_ایی، نزما_یی، ڕەشایی، سپیایی (ماست و شیر)، ڕەشایی (وشکانیی)، سەوزایی (شوێنی گژوگیا) ...). هەندێکیان لەگەڵ پاشگری ناسیاری کۆدا بوونەتە وشەی بەلێکسێمبوو (/بەرزاییەکان، نزماییەکان، .../) و لە فرێزی خستنەپاڵیدا بەکاردەهێنرێن ("بەرزاییەکانی بەشی سەرووی وڵاتەکە"). ناوە هەڵگوێزراوەکان لە هەندێك فرێزی پێشناوییدا ئاوەڵکردارئاسای چۆنیەتیی دروستدەکەن )"لەسەر باری پانیی پێوای"، "چۆن بە پانیی بە دەرگاکەوە ناچێت").

بەگشتیی، هەبوونی لێکسێم وەك پێچەوانەی ئاوەڵناو، ڕێگە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی پێچەوانە دەگرن (/کارامە : ناکارامە، شارەزا : نەشارەزا : ناشارەزا/، بەڵام /گەورە : بچووك : *نابچووك، بەرز : نزم :*نابەرز، خەمبار : دڵخۆش : *ناخەمبار، /جوان : ناشرین : *ناجوان/). هەرچەندە ئاوەڵناوی ڕەنگ کۆمەڵێکە لە دەوری چەقێك کۆبووەتەوە، بەڵام جووت_جەمسەرییش، بە پلەی ناوەندییەوە، ڕوودەدەن (/ڕەش ... خۆڵەمێشیی ... سپیی/، /سپیکەلە ... بۆرەقنە ... ڕەشکەلە/). لە دەربڕاوی بەلێکسێمبوودا بە واتای گۆڕدراوەوە دەبینرێنەوە (/سوربوون لەسەر، سوربونەوە، سورکردنەوە، ڕەشکردنەوە، لەبەرچاوڕەشکردن، سەوزباز، شیینباو، سپیچوونەوە، ڕەشچوونەوە "پانتۆڵەکەی خۆڵەمێشییەکی مەیلەو قاوەییە/ڕەشە، شیینە، سپییە"، "سەوزەکەی بەلای شییندا دەشکێتەوە/دەچێت/دەڕوانێت"، (/زەردێنە (بۆ هێلکە)، سپێنە (بۆچاو)، سپیاو (بۆ ئارایشت)، ڕەشاو/ (بۆ چڵکاو). لەم دەربڕاوانەدا بە /چی/، /چ ڕەنگێك/ یان /چۆن/ پرسیاردەکرێت ("مەیلەو چییە؟"، "مەیلەو چ ڕەنگێکە"، "چۆنە"). هەر وەك دەبینن، هەندێکیان هاوواتایش بەکاردەهێنرێن (/سەوزبوون/شینبوون، سەوزچوونەوە/شیینەچونەوە/).

مەرج نییە ئاوەڵناوەکان لەڕێی لاگرێکی هاوبەشەوە هەڵبگوێزرێن. ئاوەڵناوی ڕواڵەت، کە چەشت پەسندەکات، فۆرمی وەك /هەرزانجان، گرانجان، ساردەمەنی، شلەتێن، خەفەتبار، شەرمن، زێریین، بەبار، بێبار، بەتام، بێتام، بەکار، بێکار، بە دەستەڵات، بێدەستەڵات، بە ئابڕوو، بێئابڕوو .../ ی هەیەو ئاوەڵناوەکانی تر لەو فۆرمانەیان نییە.

ئاوەڵناوەکان لە وشەی جۆراوجۆری لێکدراویشدا دەبینرێنەوە (/ئاڵوواڵا، ڕەنگاوڕەنگ، سەوزوسوور، ڕەشوسپی، تەختەڕەش، سوروسپی، هەرزانبەها، گرانبەها، .../). هەندێکیان پەیوەندیی هاوواتایی لەیەکیاندەدات (/ساردوسڕ، ڕەقوتەق، نەرموشل، .../) و هەندێکی تریشیان دژواتایان (/تشوشیرین، ڕاستوچەپ، ...). هەروەها لە پێکهاتووی خراوەتەکیەکیشدا دەبینرێنەوە (/سووك_باڵ، ڕۆح_سووك، قایمکار، ڕەزاقورس، .../). بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، جێکەوتەکان بڕیاردەرو گرنگن. توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە چاوەڕێناکات هەموو چەشنەکانی ئاوەڵناو سەربەخۆ وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی ڕووبدەن ("دەرگاکە سووك دابخە!" : "چۆن دایبخەم؟"، بەڵام "دەرگاکە سووربکە!" : "چی لێبکەم؟").

٢/٣) ڕۆڵی ڕێزمانیی و واتایی لە ڕییزبوونی ئاوەڵناوەکاندا

ئاوەڵناوەکان لە زنجیرە ئاوەڵناوی جۆراوجۆردا دەبینرێنەوە: دژواتاکان لە هەندێك دەربڕاودا، کە فۆرمی لێکدراوی

گونجێندراویان هەیە، پێکەوە بە واتای ئیدیەمییەوە دەبینرێنەوە ("بەرزونزم، تەرووشك، پاكوپیس"). ئاوەڵناوی دوبارەبووەوە لە ڕستەدا وەك ئاوەڵناوێك گۆدەكات و بە چۆن پرسیاری لێدەكرێت ("ئەو ورد ورد کەوەرەکەی جنی"، ئەوان خێراخێر پیایاندا دەکێشا"، "بڕوانە، چۆن وردورد بەڕێوەدەڕوات!"). زنجیرە ئاوەڵناوەکانی پێکەوە لەگەڵ جومگەیەکی ناوییدا دێن و بە مۆرفیمی بەستنەوە بەیەکەوە بەندن، هاوواتان بەگشتیی و دەشێت لەگەڵ یەکتریشدا گونجاو نەبن، بۆ جومگە ناوییەکە دەگەڕێنەوە، نەك بۆ ئاوەڵناوەکانی پێش خۆیان ("پیاوێکی ئازاو بەجەرگ و بوێرو چاونەترسە"، "پیاوێکی زەبەلاح و ترسنۆکە")[٣٩]. لە زنجیرە ئاوەڵناوەکانی ناو فرێزە خستنەپاڵیەکەکاندا، ئاوەڵناو دەبێتە پەسنکەر بۆ ئاوەڵناوەکەی پێش خۆی. زنجیرەکە دەبێت بە شا_ئاوەڵناوێك دەستپێبکات ("کچێکی جوانی چاوشینی قژزەردی وردییلە"). بەم نمونەیەی کۆتایی دەپەڕینەوە بۆ کرۆکی بابەتەکەی ئەم وەچەپارە.

بەشداریکردنی هەموو چەشنەکانی ئاوەڵناو لە زنجیرە ئاوەڵناوەکاندا، لەڕووی فۆڕم یان واتاوە، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە وەکیەك مامەمەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و خۆیشیان لە زۆر ڕووەوە لەیەکچوو هەڵسوکەوتناکەن. ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان لە زنجیرە ئاوەڵناوەکاندا چەسپاوو نەگۆڕە. واتە، یەك جۆر ڕیزبونیان هەیەو ناتوانرێت سەرپشکیی جێگۆڕکێ بە گشتیان بکرێت یان پاشوپێشبخرێن. ئەو ئاوەڵناوانە لەکاتی ڕیزکردنیاندا بەپێی پێڕەوێك لە یاساو مەرج یەکلەدواییەك ڕێکدەخرێن. ئەم بۆچوونە لەم پارەدا دەسەلمێنرێت و دەچەسپێنرێت. پێڕەوەکە ئاشکرایدەکات، کە ڕیزکردنەکە لە خۆوە سەرناگرێت. کەواتە قسەکەر ئاماجێکانە بە یاساو کۆتوبەندەکان کاردەکات، تاوەکو پێکهاتووە تەواوەکەی واتاو مەبەستی خۆی بپێکێت (بڕوانە ئەگەرەکانی زنجیرە ئاوەڵناوەکان و کرداربەندیی!).

پێویستە پێکهاتووە سینتاکسیەکان (خراوەپاڵیەك و لێکدراوی گونجێندراو بە /و/ coordinative compounds ) لە مۆڕفۆلۆژیەکان (خراوەتەکیەك و لێکدراو بە /و/) جیابکرێنەوە. هۆکارەکانی، کە دەبێت وەك بنەمای/مەرجی ڕیزبوونەکان ببینرێن، چەند جۆرێکن:

ا_ هۆکاری واتایی

ب_هۆکاری ڕێزمانیی/دروستەیی (ژمارەی برگەی ئاوەڵناو).

ا_ هۆکاری واتایی: ئەم هۆکارانە دەشێت پەیوست بن بە پەیوەندیی "وەچەئاوەڵناو _ شائاوەڵناو" و بە پلە_جیاوازیی لە ئەدگاری ئاوەڵناوییدا (پلە نزم _ پلەبەرز) و کەمەکیش بە کولتورەوە. ئاوەڵناوی /تەمیز/ (پاکی بێ میکرۆب) لە پلەدا لە /خاوێن/ بەرزترەو ئەمیش لە /پاك/، بۆیە لە زنجیرە ئاوەڵناودا /تەمیز، خاوێن/ ئاوەڵناویی لە کۆتاییدا ڕوودەدەن. ئەم هۆکارە واتاییەیان جۆرێك لە دەرەنجامیی تێدایە: /پاکیی/ دەرەنجامی /خاوێنیی/ یان تەمیزیی/ یە. /توندیی/ وەك دەرنجامی /توندوتیژیی/ لێکدەدرێتەوەو /تێریی/ یش وەك دەرەنجامی /تێروپڕیی/.

١٣_ا) پاکوخاوێن، پاکوتەمیز، پاك و بێ گەرد، پاك و بێ خەوش

لە دژواتاکاندا، ڕەنگە زۆر لایەنی دەرونیی ڕۆڵببینن، کە وابەستەی کولتوری کوردیین. ئەوەتا /ژن/ (ئافرەتی شونەکردوو) لەپێش /پیاو/ هەوەو /گەورە/ لەپێش /بچووك/ هوە دێن. /وردیی/ دەرەنجامێکی /باشیی/ نییە لە "ئاردێکی وردو باش" دا، چونکە /ورد/ و /باش/ دژواتا نین (بڕوانە (١٤)!).

١٤_ا) ژن و پیاو لە خۆشیدان. *پیاوو ژن

_ب) خۆ بە گەورەوبچوکیی نییە. *بچوکوگەورەیی

_پ) خۆ گەورەو بچووکی نافامێت. *بچووك و گەوری

---

[٣٩] ڕونکردنەوەکان و نموونەکان لەگەڵ ئەوانەی ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٣:٥٨) دا بەراوردبکە !

ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکانیش پلەدارن ("کەرو گای وڵاتەکە حوکمڕانن" :؟؟*"گاو کەری وڵاتەکە حوکمڕانن").
وشەی نیشانەکراوی /کەر/ دوو واتای ئاوەزیی هەیە (بێمێشك، بێئەدەب)، بۆیە پاشوپێشخستنیان ئەگەری هەیە ("کەرو بێمێشکە/بێمێشك و کەرە لە بیرکردنەوەدا").

تێبینیی: (ا) بە هیچ جۆرێك پاشوپێش بە وشەکانی وشە لێکدراوە بە لێکسێمبووەکان ناکرێت (*/خاوێنوپاك، تەمیزوپاك، تیژوتوندیی/)، بەڵام (ب) ئەگەری پاشوپێشخستنی وشە ڕیزبووەکانی ناو فرێز هەیە ("پیاوو ژن، بچووك و گەورە").

وەهادانراوە، کە ئەو ئاوەڵناوەی زنجیرەیەك لە پلەی بەراورددایە، کە دەکەوێتە دواوە[٤٠]، واتە ئەو یەکەیان کە ئاوەڵناویی بەکارهێنراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەو جۆرەی بەڵگەکانی دەهێنرێنەوەو تەواودەکرێت، وشەی مۆرفۆلۆژی لە فرێز جیاکراوەتەوە. پاشگرەکانی بەراوردو باڵا بە کۆتایی تەواوی وشەکەوە دەلکێن، نەك بە ئاوەڵناوێکیانەوە.

١٥_ پاکوخاوێنتر *پاکتروخاوێن،
تووندوتیژتر *توندتروتیژ.

لە فرێزدا، ئەو پاشگرانە بە کۆتایی فرێزەکەوە دەلکێن، بەڵام ئەگەری ئەوەیش هەیە بە ئاوەڵناوەکانی تریشەوە بلکێنرێن. بە وشەی پرسیاری /چی/ یان /چۆن/ پرسیار لە ئاوەڵناوەکانی (١٦) دەکرێت. زنجیرە ئاوەڵناوەکە لە بەکارهێنانی کرداربەندیدایە. بە وشەی پرسیاری /چی/ پرسیار لە ئاوەڵناوەکانی (١٧) دەکرێت، لەبەرئەوەی بەشێکن لە کردارە لێکدراوەکە (قایمکردن، چەسپکردن). فرێزی "ئاشەکە" بەرکاری کردارەکە دەنوێنێت. ئەو کاتەی دوا_ئاوەڵناو پاشگری بەراوردوباڵای پێوەیە، بەراوردکردنەکە هەر دوو ئاوەڵناوەکە دەگرێتەوە. کاتێك پاشگرەکە بە ئاوەڵناوێکی پێشترەوە دەلکێنرێت، بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناوەکانە، بە مەبەستی جەختلێکردنەوە (هەم قایمترو هەم چەسپتر). بەڵگەیەکی ئەزموونبەندی emperical evidence بۆ ئەمانە، ئەو ڕاستییەیە، کە ناتوانرێت پرسیار لە ئاوەڵناوێکیان بکرێت (١٨_ا، ب). دیارە، کە دەبێت پرسیار لە زنجیرەکە بکرێت، وەك فرێزێك (١٨_پ).

١٦_ا) کۆڵەکەیەکی قایم و چەسپترە لەوانەی دیکە.
_ب) کۆڵەکەیەکی قایمتر و چەسپترە لەوانەی دیکە.
١٧_ ئەوان ئاشەکەیان قایم(تر) و چەسپتر کرد.
١٨_ا) *کۆڵەکەیەکی چۆن/چیی و چەسپتر لەوانەی دیکە ؟
_ب) * کۆڵەکەیەکی قایم و چۆن/چیتر لەوانەی دیکە؟
_پ) کۆڵەکەیەکی چۆنە؟

لە پلەی باڵادا، ڕیزبوونەکان وەك خۆیان دەمێننەوەو هەر ئەو شیکردنەوانانەیان بۆدەکرێت. لە ئەنجامدا ئەوە دەچەسپێت، کە تەنها دوا_ئاوەڵناوی زنجیرەیەك ئاوەڵناو پەیوەندیی ڕێزمانیی لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەکەدا نییە، بەڵکو هەموو گرێکە لەو پەیوەندیەدایە، بۆیە نایشتوانرێت پرسیار لە یەکێکیان بکرێت. پاشوپێشخستنی ئاوەڵناوەکان مەرج نییە ببێتەهۆی گۆڕیین لە پەیوەندیی ڕێزمانیی و لە واتادا. گشت فرێزە ئاوەڵناویەکە ("قایم و چەسپ") لە

[٤٠] محمد معروف فتاح (٢٠١٠).

فرێزی خستنەپاڵیدا پەسنکراو ("کۆڵەکەیەک") پەسندەکات. گرێ ئاوەڵناوییەکەو سنووری دیاریکراوی فرێزەکەی گریمانەی هەبوونی پۆلەرەگەزی ئاوەڵناو لە زمانەکەدا پتەوتر دەکەن.

١٩_ا) ئەوان [دەوڵەمەندو گەورە]ی [سەرتاپای وڵاتەکە]]ن.

_ب) گۆمێکی شینی گەورەی مەنگ.

ڕەنگ و بارستایی تایبەتمەندیی سروشتی چشت و گیانداران دەردەخەن، بەڵام ڕواڵەت پتر ئەدگار نیشاندەدات. ئەویان بنەمایی و ئەمیان لاوەکییەو دەشێت بگۆڕێت.

٢٠_ا) کراسێکی شینی قۆڵدار/درێژ

_ب) کراسێکی قۆڵداری/درێژی شین.

٢_ مەرجی ڕێزمانیی: بنەمای ڕیزبونی ئاوەڵناوەکان و جیاکردنەوەی وشەی فرەمۆرفێمیی بە لێکسێمبووە (لێکدراو)، کە لە فرێزی خستنەپاڵ و خستنەتەکیەکەکاندا گرنگن. ئاوەڵناوی ناو وشە فرەمۆرفێمیەکان پاشوپێشیانپێناکرێت. بەرامبەر بەمە ئاوەڵناوەکانی فرێزەکان ڕێگە بە جێگۆڕکێ دەدەن. ئەمە مەرجێکی سەرەکیی و بەهێزە.

زۆریی و کەمیی برگەکانی هەر ئاوەڵناوێك لە پێکەوەهاتن و ڕیزبونی ئاوەڵناوەکاندا مەرجێکی لاوازترە لە مەرجی پلەداریی واتایی یان لۆژیکیی و واقیعیی (٢١_ب، پ). چونکە، پێدەچێت ئەم مەیلە هەمیشە پەیرەونەکرێت (بڕوانە /پاکوخاوێن، توندوتیژیی/!). بەپێی ئەم مەرجە، ئاوەڵناوێك، کە ژمارەی برگەکانی کەمترە لەوی تر، لە پێشیەوە دێت.

٢١_ا) گێل و نەفام / نەفام و گێل،

_ب) سوك و رسوا / *ڕسواو سوك،

_پ) ساردوسڕ / *سڕوسارد

پلەداریی وەك مەرجێکی واتایی، لە تایبەتمەندیی و ئەدگاری ئاوەڵناوەکاندا مەیلێکی بەهێزە (پاکوتەمیین). کاتێك ئاوەڵناوەکان پێکەوە دێن، لە ڕیزکردنیاندا ڕەنگ پێش بارستایی و ڕواڵەت دێت. ڕیزبونی ئەو سیانە زۆرتر لە مەرج دەچێت وەك لە مەیل، بۆیە پێچەوانەی دەگمەنە.

٢٢_ا) منداڵێکی بچووکی سپیکەلەی شەش ساڵە.

پاش وردبوونەوەی لێکۆڵەر لە چەشنەکانی ئاوەڵناوی کوردیی و بەتایبەتیی لە پێکەوەهاتنەکایان لە زنجیرەدا، بۆیدەرکەوت، کە (ا) ڕیزبونیی "ڕەنگ ... بارستیی ... ڕواڵەت" بنەماییەو کە (ب) نرخ، بەهاو ئاوەزیی هاونرخن و لە کۆتاییدا دێن. کەواتە دەبێت ئەو سیانە تایبەتمەندیی بن و ئەو دوانەی دواییش ئەدگار بن.

٢٣_ا) کراسێکی شینی سفتی قۆڵداری درێژی هەرزان.

_ب) شوتییەکی سوری گەورەی شیرینی گران.

_پ) منداڵێکی سورفلی کورتەبنەی ڕوخۆشی زیرەك.

هەندێك پرسیار کراون، کە ڕەنگە جێی تێبینیکردن بن، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەر کەمیی ماوە بەدواداچونیان بۆ ناکرێت: کام ئاوەڵناوانە بۆ منداڵ گرنگن و کامانەیان لە پیاو یان ئافرەتەوە نزدییکترن؟ ئایا زانیاریی گشتیی و کولتوریی ڕۆڵی بڕیاردەریان لەو ڕیزبونانەدا هەیە؟

## ئەنجامەکان:

لە ئەنجامدا ئەم خاڵانە وەك ڕاستیی زمانیی لە زمانی کوردییدا سەلمێنران:

- ئاوەڵناو کاتەگۆرییەکی سەربەخۆی ناو لیستی وشەکانی ناو فەرهەنگەو لە پێکهاتوەکاندا (وشەو فرێز) لە جێکەوتەی تایبەت بەخۆیدا، ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت.
- ئاوەڵناوەکان گشت ئەو بوارە بیریی و واتاییانە دەردەبڕن، کە ئاوەڵناوەکان لە زمانەکانی تردا دایاندەپۆشن.
- ئاوەڵناو بۆ پەسنکردنەو لە فرێزی خستنەپالییدا بە پەسنکراوێکی نادیاریکراوەوە ئەم گۆکردنەی هەیە، دەنا وەك دەرخەر بۆ دەرخراوێك دەردەکەوێت.
- پتر ناو (ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان) بەشێکە لە ئاوەڵناو، نەك بە پێچەوانەوە. تەنانەت ڕەگی کرداریش زۆرتر لە ئاوەڵناو دەچێت.


## Summary

Upon the features of the Kurdish language and the use of word-besed models, it has been proven that adjectives, in their various forms, are categories of lexicon. Thus, the Kurdish Language is descriptive and adjectival. Adjectives cover the mental and semantic scope that these categories have in other languages. The presence of marked nouns that occupy the same position and function as adjectives has guaranted the implementation of the steps of displaying the linguistic truths and their proofs.

Adjectives and adjectival nouns, within the attributive phrases in the position of the adjectives describe the describe noun which is likely to be expressed. In a juchtaposed unit using the determiner /e/, and the genitive phrase and the possessed, adjectives and adjectival nouns will appear as determiners. However, {-/+} signs will give them the specification of this role. The determined noun is likely to be unexpressed. Also in verbalizations adjectives and adjectival nouns describe the subject. Adjectives, not the marked nouns as adjectives, conduct independently as adverbs of manner in sentences. Moreover, in the interrogative sentences, when they are asked about, the question word /how/ is used. Thus, this is the distinct point between rhem.

Common nouns such as /pyau/ {man} and the indefinite phrase “pyau-ek” {a man} are not determined. They are described by an adjective or an indefintyting noun, and the question word /how/ is used when they are asked about in interrogative sentences. The same common noun in a phrase will be described and determined definite article eke/ekan pyau-ekan-ek. In this condition, it is going to be a determiner for the adjektive or the marked noun as an adjective. Those two categories distinguish between definite and indefinite phrases. Therefore, they should be two different subcategories and should not be overlaped.

Explicating that zu/dreng {soon/late} are adverbials whthin the idea of having certain conditions for categorizing the adjectives and for the marked nouns as adjectives are independent categories.

لیستی سەرچاوەکان:

ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٢) "بەرهەمە زمانەوانیەکانم ((نوسین و وەرگێڕان))"، سلێمانی.

= = = (١٩٩٣) "ڕێزمانی کوردی"، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩) "پێزی مۆرفیمە داڕێژەرەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانیی.

نەسرین فەخری/کوردستان موکریانی (١٩٨٦) "سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا"، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، چاپخانەی دارالحریە، بەغداد.

محمد معروف فتاح (١٩٩٠) "هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا"، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٥)، بەغدا.

= = = (٢٠١٠) "لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان"، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناوو شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانیی، هەولێر.

محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) "ڕستەسازیی کوردیی" زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠٠٦) "ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە" زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠٠٩_ا) "فۆنەیتیك و فۆنۆلۆژیی"، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠٠٩_ب) "زانستی هێما: واتاو واتالێکدانەوە"، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠١٠) "مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان"، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠١١) "بنەماکانی سینتاکسی کوردیی"، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠١٣) "ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات"، لێکۆڵینەوەیەکی ئامادەکراوە بۆ بڵاوکردنەوە.

محەمەدی مەحویی/محەمەد ئەحمەد سەعید (٢٠١١) "شییکردنەوەیەکی زمانەوانیی دوو دەقی شیعریی مەولەوی و مەحوی"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ (٣١)، بەشی B.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥) "دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا" نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣١.

کاروان عومەر قادر (٢٠٠٦) "ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردییدا" مەڵبەندی کوردۆلۆژیی، نامەی ماستەر () کۆلێژی زمان/زانکۆی سلێمانی.

کەمال میراودەلی (٢٠٠٧) "ڕێزمانی کوردی"، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

هیدایەت عەبدولا محەمەد (٢٠٠٢) "ڕێکەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا"، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

Bloomfield, L. (1933) ‘Language’, New Yourk, P. 194-197.

Stowell, T. (1981) ‘Origins of Phrase Strucure’, Doctoral Dissertation, MIT, Cambridge, Mass.

Vennemann, Theo (1977) ‘Konstituenz und Dependenz in einigen neuren Theorien’, In: Sprachwissenschaft1., P. 295-301.